# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالّی هەشتەم ژمارە (171) بەرواری 15-7-2024 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (1)و (15) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## دیموکراسی: لێکدانەوەکان و واقیعەت

گفتوگۆی ئەنتەرناسیونال لەگەڵ مەنسور حیکمەت...ل11

بەشی دووەم...


## وتەی ژمارە

## هەڵبژاردن لەنێوان ڕێگاچارە و گرفت دا!!

بەدوای دیاریکردنی رۆژی خولی شەشەمی هەڵبژاردنەکان، خەریکە جارێکی تر پرسی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان گەرم دەبێت.

تەواوی باڵەکانی بۆرژوازی لەسەراسەری دنیادا، شانازی بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن وەکو روکنێکی پایەیی دیموکراسی دەکەن، بەوێنەی تاکە ڕێگای ئاڵوگۆر بەخشین و جێ گۆرکێی و دەستاودەستکردنی!! دەسەلات.

هەر لەو ڕوانگەیەشەوە لە هاتنە پێشی هەر پێشهاتێکی کتوپڕ یان هەر ئەزمەو گرفتیکی بەرجەستە، دوبارە یان پەنا دەبەن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن و هەڵبژاردنی پێش وەختە و بەم شێوەیە ئەلگۆ هەڵبژاردن ئابدەیت دەکەنەوە و دوبارە و چەند بارە ئەم ئەلگۆیە بەدەستەوە دەگرن و بە دیموکراسی بۆرژوازییەوە دەفشن.



هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان لە فەرەنسا و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێش وەختە. پێشخستنی هەڵبژاردن لە بەریتانیا، هەڵبژاردنی سەرۆکی ئێران، دوای مردنی سەرۆکی پیشوو لە روداوی کەوتنەخوارەوەی فرۆکەدا... نوێترین نموونەن کە بۆرژوازی لە بەرامبەر بەو گرفتانەی رووبەڕووی بۆتەوە بەخێرایی دەستی بۆ هەڵبژاردن بردووە و هەموو لایەنە سەرەکیەکانیش وەکو پەیرەوی لە نەریتێکی دیموکراتی!!، پێوەی پابەند بوون. واتە دیموکراسی و هەڵبژاردن بەر لەوەی ریگاو ئەلگۆیەک بێت بۆ بەشداری هاولاتیان، وەکو ڕێگاچارە بۆ رووبەڕووبوونەوە ئەزمەی خودی بۆرژوازی، بەدەستەوە دەگیرێت.

دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، کە خۆی بە ئەولادی رەسەنی دیموکراسی دەزانێت و بانگەشەی دیموکراسی سەروبنی زمانی سەرانی وردو درشتیەتی، و هۆکاری دۆخی سیاسی کوردستان بە ئەنجام نەدانی هەلبژاردن دەزانن و وەکو ڕێگاچارەش بۆ دۆخی ئیستا پیداگری لەسەر دەکەن، کەچی لەگەڵ ئەوەدا دەرگیری گەورەترین گرفت و رووبەڕوون لەگەڵ چەندین کیشەی چار هەڵنەگر، نەک هەڵبژاردنی پێش وەختە، یان هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا ناکات، بەڵکو دوای چەند جار درێژکردنەوەی تەمەنی دوبارە هەر جارەی لایەنێکی باڵادەستی، دوای دەخەن و دەیسپێرن بە ئایندەی نادیار، تەنانەت گوشاری جەمسەر جیهانیەکانیش کە دەسەڵاتیان بەخشیوە بەو هێزانە، بە پاساوی جیا جیا لەبەرچاو ناگرن.

ئەمەش نیشان دەدات کە بۆ بۆرژوازی کورد، هەڵبژاردن نەک ڕێگاچارەیەک بۆ گرفتەکانی بەردەمیان نییە، بەڵکو خودی هەڵبژاردن و

بۆ لاپەڕە 2

## 2000-7-14 یادی تاوانێکی لەبیرنەکراوی یەکێتی نیشتیمانی و باوکی "هەژارانە" لەدژی کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی!




2000-7-14 بەراسپاردەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بەسەرکردایەتی و ئەندازیاری باوکی هەژاران!! بەپێی نەخشەیەکی پلان بۆ دارێژراو، هێرشێکی چەکداریان کردە سەر نوسینگەو بنکەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی و رێکخراوە جەماوەرییە رادیکاڵەکانی وەکو رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان، سەنتەری پاریزگاری ژنان، سەنتەری بەرگری لە منالان، و مامۆستایان... لەو هێرش و پەلامارەدا، پینج ئینسانی کۆمۆنیست و تێکۆشەری رزگاری هەژاران، بەرۆژی روناک و لە بۆسەیەکی قیناوی و داخ لەدلانەدا بەرامبەر بەکۆمۆنیزم و ئازادیخوازی، قەسابی کران.

بۆ لاپەڕە 3

## تۆمەتباری سەرەکی ئالودەبوون و بازرگانی کردن بە مادەی هۆشبەرەوە، دەسەڵاتی سیاسییە...



تا دێت بەکارهێنان و بازرگانی کردن بە ماوەی هۆشبەرەوە روو لە هەڵکشان دەکات. بەپێی قسەی وتەبیژی دەزگای ئاسایشی هەرێم زیاتر لە هەزار کەس بە تۆمەتی بەکارهێنان و بازرگانی کردن بە مادەی هۆشبەرەوە دەستگیر کراون... ئەو ئامارە زۆرە لە

دەستگیرکراوان نیشانی دەدات کە بە چ رادەیەکی مەترسیدار، موادی هۆشبەر و بازرگانی کردن بڵاوبۆتەوە.

بۆ لاپەڕە 3

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- پەرەسەندنی راسیزم لە ئەوروپا بۆچی..........ل2
- لە کارل مارکسەوە بۆ مەنسور حیکمەت..........ل3
- چەپ وەکو کۆتا بژاردەی دروست..........ل4
- بەرێز هاوار محەممەد وەڵامی پرسی رۆژی داوەتەوە..........ل5
- خۆشباوەری بە هەڵبژاردن..........ل7
- بۆچی تەنها تورکیا مەحکومە..........ل8
- چەند سەرنجێك..........ل8
- ئایا چین نموونەیەکی کۆمەڵگەی سۆشیالیستییە..........ل10


## دۆسیەی ژمارە "سەبارەت بەهەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان"



بەرێز سالار سۆفی وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە ل13-14


پرسی رۆژ ل5

کۆشەی ئەدەب و هونەر ل9

## درێژەی وتەی ژمارە

ئەنجامدانی گرفتێکە. چەند ساڵی رابردوو یەکیک لە ململانیکانی نێوان باڵە دەست ڕۆشتوەکانی بۆرژوازی کورد، خودی ئەنجامدانی هەڵبژاردن بووە.

هەڵبژاردن بۆ حزبە دەستڕۆشتوەکانی بۆرژوازی کورد، لە هیچ برگەو خولێکدا، پێداویستیەک نەبوو بۆ وەڵامدانەوە بەهیچ گرفتێک، بەڵکو ئەنجامدانی بۆتە گرفت، دیاریکردنی کاتەکەی، چۆنیەتی بەڕیوەچوونی، قبوڵکردنی ئاکامەکەی..تاد بوونەتە گرفت. ئەم دۆخە لەگەل خۆیشیدا دڵەراوکی و سیبەری ناکۆکیەکانی زیاتر کردووە و گرژی بەدوای خۆیدا هێناوە. دوای هەموو هەڵبژاردنیکیش ناچار بە "سازان" لەسەر ئاکامە " نارۆشنەکان" ی، بوون.

بەم شێویە پرسی هەڵبژاردن لای دەسەڵات و سەرجەم بۆرژوازی کورد بە وێنەی "هەم دەرد و هەم دەرمان" مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، وەکو نۆرمیکی دیموکراسی بۆرژوازی لە ئاستی دنیادا ستایشی دەکەن و خۆیانی پێوە بابەدەن و وەکو ڕیگاچارەو دەرمانی ئاریشەکان و دەردەکان دەیخەنە ڕوو، لە هەمان کاتدا بۆتە گرفت و ئاریشەیەکی هێندە سەخت کە هیچ هەڵبژاردنێک لە هەرێمدا بە دۆخێکی ئاساییدا گوزەری نەکردووە.

هۆکاری ئەم دۆخە کە بۆرژوازی کورد لە پەیوەند بە هەڵبژاردنەکانەوە دەرگیریەتی، ئەوەیە کە خودی بۆرژوازی کورد سەرباری پێداگری لەسەر "شەرعەیەت" ی دەسەڵات و خۆ هەڵواسینی بە نۆرمی دیموکراسی بۆرژوازییەوە، هەڵگری دژایەتی هەموو ئەو توخمانەیە کە "شەرعیەت" دەبەخشنە دەسەڵات و پێناسەی باون بۆ دیموکراسی بۆرژوازیی.

باڵە سەرەکیەکانی بۆرژوازی کورد، کە نە لەڕیگای هەڵبژاردن و دەنگی هاوڵاتیان و نە لەدۆخێکی ئاساییدا بەدەسەڵات گەیشتوون، نە دەتوانن لەگەڵ دۆخێکی ئاسایی و بگونجێن و نە ئامادەن دەنگی هاوڵاتی لایان مانای هەبێت و نە کاراکتەری هەڵبژاردن و دەستاودەست پێکردنی دەسەڵاتن. بۆرژوازی کورد لە ڕێگای جەنگ و ملهوری و خۆبەستنەوەو خۆشخزمەتی بە جەمسەرە ناوچەییەکان و بە پشتیوانی هێزی چەکداری حزبی و لەڕیگای دەست بەسەراگرتنی داهاتی خەڵکی کوردستانەوە، دەستیان لەدەسەڵات گیربووە...

پارتی و یەکێتی وەکو دوولایەنی باڵادەست و بنەماڵەیی، هەڵبژاردنیان بەو مەرجە دەوێت کە هێزی ئەمنی و چەکداری حزبیان بپارێزێت. دەستیان لە دزینی داهات و دەست بەسەراگرتنیدا کورت نەکاتەوە، ڕێگای خۆبەستنەوەو خۆشخزمەتیان بە جەمسەر جیهانی و ناوچەییەکان لێ نەبەستێت. واتە زەمانەتی دەسەڵاتی حزبیان بکات و هەڵبژاردنیش وەکو کایەیەک ئەو دەسەڵاتە بپارێزێت و لە ئاستی گشتی و روو بە دنیای دەرەوەشدا رەوایەتی نیشان بدات. ئەوەش پیچەوانەی هەر هەلبژاردنیکە لە هەموو ئاستێکیدا. پارتی و یەکێتی بە زەمانەتی نزیکەی نیوەی دەنگی دەنگدەرانی لەپێشدا بڕاوە لەوانە هیزی ئەمنی و پیشمەرگە و کادرە حزبیەکانیان، کە هەمیشە نزیک بەنیوەی دەنگی هاوڵاتیان و بەشداریانە، دێنە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە...

واتە بەر لە هەڵبژاردن دەیان کورسیان بۆخۆیان زامن کردووە دوای ئەوە بەشداری لە کێبەرکیی هەڵبژاردن دەکەن و بەکردەوەش مەرجی بەشداریکردنیان پاراستنی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتیانە. وە هیچ هەڵبژاردنێک ناتوانێت دەسەڵاتی حزبیان لەدەست دەربهێنێت. زیاتر لە سێ دەهەیە ئەو واقعیەتە بۆتە راستیەکی حاشاهەڵنەگر.

ئەگەر لەهەر وڵات و جێگایەکی دنیادا، لانی کەم سوپاو دەزگا ئەمنییەکان... سەربەخۆن و دوورن لە هەژموونی حزبی و دەچوونی هەر حزب و لایەنێکی سیاسی کار ناکاتە سەر کاری ئەو دەزگاو هیزە سەربازی و ئەمنیانە... ئەوا لە کوردستان... ئەو دەزگا و هێزانە هەم لایەنێکی یەکلاکەرەوەی هەڵبژاردنن بە سودی حزبەکانیان و هەم ئامرازی هەرەشەن لەسەر ئاکامەکانی. ناسەربەخۆیی و پەیوەندی ئەو هێزە زۆرە چەکدار و دەزگا ئەمنییە زەبەلاحانە، بە دەسەڵاتی حزبی لە هەر زۆنێکدا، دەرگای بەرووی هەر ئاڵوگۆڕیکی بەرجەستەدا داخستووە. تەنانەت دوای ٣٠ ساڵ لە دەسەڵات و ئەزموونی بۆرژوازی کورد، لە جێگای ئەوەی ئاڵوگۆڕیک لەو فۆرمە رووبدات، ئەو فۆرمەی لە ڕێگای زیاد کردنی قەبارەی هیزی چەکدار و زۆرکردنی دەزگای ئەمنی جیاجیا... تۆختر کردۆتەوە، بەجۆرێک کە هیزی چەکدار و دەزگای ئەمنی هیندەی بەکار دەبرێن و بەدەستەوە گیراون بۆ دەنگدان لەوەش زیاتر تاکو ئێستا دامەزراندن لە هەر دامەزراوەیەک بە بی تەزکیەی حزبی ناکرێت و نە لەزۆنی زەرد یەکێتیەک دەتوانێت دەستی لە کارێک گیر بێت و نە لەزۆنی سەوزیش بەهەمان شیوە... هەموو ئەوانە ئەو توخمانەن کە پرۆسیسی هەڵبژاردنی لەهەموو بەهایەکی خۆی خاڵی کردۆتەوە و دیموکراسی بۆرژوایی کردۆتە کاریکاتۆریکی هێندە عەنتیکە، کە وێنەی لە دنیادا نەبێت.

ئەو واقعیەتەش مۆری هیچ جۆرە پێشکەوتنخوازییەک لە هیچ ئاستێکدا بەباڵای ئەم دەسەڵاتە نابڕێت و هەڵبژاردنیشی کردۆتە درۆیەکی شاخدار کە هەموو کەس دەیزانیت.

وە دەتوانرێت بە یەقینەوە بوترێت کە هەڵبژاردن لە لەژێر سایەی دەسەڵاتی حزبۆکراتی پارتی و یەکێتی و هاوبەشەکانیان بە قەومی و ئیسلامیەوە، نەک ئامڕازێک بۆ ئاڵوگۆری دەسەڵات و دەستاو دەست پیکردنی و نەک ئامرازێک بۆ دەچوون لە گرفت و کیشەکانی و نە ڕیگاچارەی دەرچوون لە هیچ ئەزمەیەکیشە، بەڵکو خۆی کۆسپ و گرفیکی واقعی کۆمەڵگەی کوردستانە... کۆتاییهێنان بەو گرفتە، لە گرەوەی کەنار خستنی حزبەکانی دەسەڵات و داماڵینی هیزی چەکدار و ئەمنییە، لییان.

**ناوەراستی تەموزی ٢٠٢٤**

# پەرەسەندنی ڕاسیزم لەئەورووپا بۆچی؟

## نووسینی: عەزیز شەریف



سیاسەتمەدارانی ئەورپایی و ئامریکایی بەدرێژایی زیاتر لەسەدەیەک لەسەرجەم ئەورووپاوە تادەگاتە ئاسیا و ئافریقای دوور، لەلایەک لەسەر بازاڕ، و لەلایەکیتر لەسەر کێشەکانی گەشەی سەرمایە و دابەشکردنەوەی دنیا بەدەستی براوەکان دوو جەنگی جیهانیان بەرپاکرد، و سەرتاپای ئەو دوو کیشوەرەیان ژێرەوژوور کرد. لە دوای ئەو دوو جەنگە جیهانیەش دیسانەوە هەر لەپێناو بەرژەوەندیەکانی سەرمایەدا هەررۆژێک ویستبێتیان لەهەر گۆشە و کەنارێکیتر جەنگیان بەرپاکردۆتەوە. بەنموونە جەنگی ئێراق، لیبیا، میسر، سۆدان، ئەفغانستان، فەلەستین، لوبنان، وسوریا هتد□ ئاکامە گشتیەکانی جەنگەکان هەرچیەک بووبێت مەبەستی ئەم نوسینەی من نییە و تەنها مەبەستمە بڵێم یەکێک لەئاکامەکانی ئاوارە بوونی خەڵکی ئەو وڵاتانەیە کە جەنگی تیا بەرپاکراوە! لەچاوگێڕانێکی خێرا بەسەر دواجەنگی جیهانیدا دەبینین یەکەمین کرێکارانی کۆچبەری ئیتالیایی دەبنە میوانی خۆشەویستی یەکێک لە دۆڕاوەکانی جەنگەکە (ئەڵمانیا) و لەئاوەدانکردنەوەی وێرانەی وڵاتێکی لەسەدا پەنجا بەرەوژووردا هێزی کارێکی هەرزان و گونجاون بۆ سەرمایەداری! بەدوای ئەواندا کرێکارانی تورکیا دێن و بە موسیقا و چەپڵەڕێزانەوە لە وێستگەی شەمەندەفەرەکاندا پێشوازییان لێدەکرێت! ئەمانیش لە بەشی زۆری کارگاکان و کۆمپانیاکانی ئۆتۆمبێل سازیدا هێزێکی هەرزان و گونجاون! جەنگی کەنداویش شەپۆلێکیتر لەکرێکارانی کورد و عەرەب دێنێتە ئەم وڵاتانە، و دیسانەوە لە بەشەکانی ڕیستۆرانت و خزمەتگوزاری و پاککردنەوەدا دەبنە هێزی کاری هەرزان بۆ سەرمایەداران! جەنگی سوریاش دیسانەوە بەملیۆنان ئاوارەی جەنگ (لەژێر ناوی پاراستنی خەڵکی هەڵهاتوو لەژێر ڕەحمەتی جەنگ) دەرڕژێنێتە بازاڕەکانی کارەوە !

ئێستا لەپاش ئەو هەموو ساڵە بەملیۆنان ئینسانی کۆچکردو لەئەڵمانیا و وڵاتانی ئەورپایی لە هەموو بازاڕەکانی کار و سەرمایەدا لەخزمەت بە سەرمایەداریدان. هەرئەم کرێکارە کۆچکردوانە، هەر چوارساڵ جارێک سەرچاوەی بەدستهێنانی دەنگن بۆ ئەو حزبانەی بەناوی سۆسیال دیموکرات و ژینگەپارێز و تەنانەت ڕاسیست و دژە پەنابەرەوە دروست بوون !

ئێستاش ئەم دەورەیە لەهەڵبژاردنەکانی وڵاتانی ئەڵمانیا، پۆڵۆنیا، سوئید، فینلاند، ئیتالیا، و دوێنێش فەڕەنسا وڵاتانی تری ئەورووپایی حیزبە ڕاسیست و ڕاستڕەوەکان ئەگەر یەکەمی هەڵبژاردنەکان نەبووبن ئەوا دووهەمی هەڵبژاردنەکان بوون ! ئێستا کاتی ئەوەیە لەخەڵکی ئەورووپایی بپرسین ئەگەر ئێمە هەموو کرێکارە کۆچبەرەکان کە بەدرێژایی زیاترلەحەفتا ساڵە لەم وڵاتانەی ئێوە نیشتەجێین بڕۆینە دەرەوە کێ دەمێنێتەوە لە وڵاتەکانتان؟ ڕەنگە بڵێن خۆمان! ئاخر کامە خۆتان؟ بۆ ئەوەی بزانن کە خۆتان نەک زۆرینەی وڵاتەکانی خۆتان نین، بەڵکو کەمینەشن! بڕۆن سەیری ناوی سەرزەنگی هەر ئاپارتماندێک کەهەیە بکەن بزانن ناوەکان ناوی خەڵکی وڵاتی خۆتانە یان بێگانە؟ بڕۆن سەیری هەموو کارگا و ڕیستۆرانت و بەشەکانی خزمەتگوزاری بکەن بزانن زۆرینە خەڵکی خۆتانە یان بێگانەکان؟ بڕۆن سەیری بەشی گواستنەوە شەمەندەفەرەکان، پاسەکان، تاکسیەکان، خۆڵ و خاشاک ڕێژیەکان بکەن بزان بەشی زۆرینە خۆتانن یان بێگانەکان؟ ئێستا کەسەیرتان کرد و بینیتان زۆرینە بێگانەکانن کەئەو هەموو کارە دەکات بۆ ئێوەنا، بەڵکو بۆ کۆمپانیاکان و سەرمایەدارانی ئەورووپایی! ئەگەر ئەوان بڕۆنە دەرەوە کێ دەمێنێتەوە ئەو هەموو کارە بکات؟ کێ دەمێنێتەوە باج و خەرج بدات بە دەوڵەتەکانتان کەلەسەر باج و خەراج دەتوانێت حوکمڕانی بکات. هەر بەڕاستی حیزبە ڕاسیست و ڕاستڕەوەکانیشتان لەسەر بوونی کۆچبەرەکان دەتوانن بوونیان هەبێت! ئیتر ڕاسیزم و ڕاستڕەوی ئێوە لەپای چی؟ تاکەی ناتوانن بیربکەنەوە و بزانن سەرچاوەی بەدبەختیەکانتان و بەدبەخیتیەکانمان بوونی بێگانەکان نییە، بەڵکو ئاوەکە لەسەرچاوەکەوە لێڵە و دەبێت بۆ کۆتایی هێنان بە بەدبەختیەکانمان و بەدبەختیەکانتان بیربکەینەوە و بە قسەی سیاسیەکان و ڕاستڕەوەکان فریو نەخۆین! ئەگەر ئێوەو بەقەولی خۆتان بێگانەکانیش بیر نەکەینەوە و بەسازی ناسازی ئەو سیاسیانەی ئێمەیان کردۆتە ئامانج و سەرچاوەی بەدبەختیەکانی هەموومان ئەوا دنیای هەموومان لەوە خۆڵەمێشیتر دەنوێنێت کە هەیە.

## درێژەی: 2000_7_14 یادی تاوانێکی لەبیرنەکراوی یەکێتی نیشتیمانی و باوکی هەژارانە!!، لەدژی کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی!

پاساوی هێرش و قەدەغەکردنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بردنە دەرەوەی بارەگای چەکداری حزبەکان و داماڵینی شار بوو، لە چەک. ئەو پاساوەی کە بەر لەهەموو کەس و لایەنێک شانی خۆیانی دەگرتەوە، ئەوە ئەوان بوو، شارو شارۆچکەکانیان میلیتاریزە کردبوو، ئەوە بارەگاو ماڵی بەرپرسە حکومی حزبیەکانیان بوو، کە بەچەک تەنرابوون و لەگەڵ جوڵە کردنیشیان بە ماشێنی پر چەکدار و بیکەیسی لەسەر، سیمای مەدەنیەتی شاریان، بە بەرەی جەنگ و دۆخی نایاسایی گۆڕی بوو. ئێستاشی لەگەڵ بێت هیچ حزب و لایەنێکی سیاسی بارەگای چەکداری حزبەکانی نەبردە دەرەوەی شارەکان و شارەکانی لە دیاردەی چەک دانەماڵی. ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەوە هێزی ئاسایش و پاراستن و دژە تیرۆری دەمامکدار و بێ دەمامک و یەکەی ٧٠، ٨٠ چەکداری نایاسایی یەکێتی و پارتین بۆ پارێزگاری لەدەسەڵات هەمیشە ئامادەن ناوجەرگەی شارو شارۆچکەکان میلیتاریزە بکەن و رۆڵەی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و خۆپیشاندەران بۆ داوای ئاو و نان و موچە و خزمەتگوزارییەکان، بدەنە بەردەستڕێژی گوللە. خەڵکی کوردستان یەکێتی و باش دەیانزانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی جگە لە چەند دەستەیەکی پارێزگای لە نوسینگەکانی زیاتر هێزی چەکداری نییە. ئەمە پاساوێک بوو، پاساوێک هێندە نەزانانەو نەفامانە کە هەر زوو خۆیان بەدرۆیان خستەوە. باوکی هەژاران کە بەرێوەبەر و ئەندازیاری هێرشەکە بوو بۆ سەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لە دانیشتنی رەسمیدا لەگەڵ رابەری حزب بە ئاشکرا دانی نا بە هۆکاری هێرشەکەیان... ئەو وتی ئێمە گوشاری ئێرانمان و عێراقمان لەسەرە... ئەو دانپیانانە بەسە بۆئەوەی سفەت نۆکەری یەکێتی دەربخات و هۆکارێکی هێرشەکەش نیشان بدات... بەڵام ئەوە هێشتا لایەنێکی ریوایەتەکەیە، لایەنێکی تر و سەرەکی بۆ ئەوەی یەکیتی ناچار بە هێرش بۆسەر حزب بکات، ئەوە بوو کە پێشتر لە شکاتنامەیەکی ئابروبەرانەدا، رایان گەیاندبوو کە کۆمۆنیزمی کرێکاریی، دەیانەوێ یاسای باری کەسێتی سەردەمی بەعس هەڵبوشێنەوەو لە جێگایدا یاسای باری کەسێتی مۆدێرن و ئینسانی بخەنە جێگاکەی، تێدەکۆشن بۆ یەکسانی ژن و پیاو، داوای ریفراندۆم بۆ جیابوونەوەی کوردستان، دەکەن...

بەڵی هێرشی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بۆسەر نوسینگەو... بنکەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریی و رێکخراوە جەماوەرییەکانی نزیک لێیان، لەلایەکەوە جێبەجێکردنی پلانی ئێران و دوبارەکردنەوەی سفەت نۆکەری بوو، لەلایەکی تریشەوە هێرش بوو بۆسەر کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی کە کۆمۆنیزمی کرێکاریی ئاڵاهەڵگری بوو.

ئەو سەردەمە تاکە رەخنەی ریشەیی و چینایەتی لەدەسەڵاتی سیاسی وسەرمایەی بزوتنەوەی کوردایەتی، لە کۆنەپەرستی ئیسلامی و رەوتەکانی، لە پێشیلکردنی ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستان لەلایەن وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەوە، کۆمۆنیزمی کرێکاریی بوو، تاقانە هێزی لە مەیداندبوو بۆ بەرگری لە خواست و مافی کرێکاران و... بێبەشان، لە ژنان و لاوان و لەمەدەنیەتی کۆمەڵگەی کوردستان و لە ئازادییە سیاسیەکان و مافە فەردی و مەدەنییەکان، لە بریاری ئازادانەی خەڵکی کوردستان بۆ دیاریکردنی ئایندەی سیاسی کوردستان، کۆمۆنیزمی کرێکاریی بوو. کۆمۆنیزمی کرێکاریی ئەوکاتە تەنها رەوتێکی رەخنەگرانەی سیاسی و فکری نەبوو، بەڵکو هاوکات بەکردەوە لە مەیداندا بوو، هێزێکی ناسراو خۆشەویست، کە رۆژ بەرۆژ پاوانی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی لەمەنگەنە دەدا... وە بەکردەوە ببووە کۆسپێک لەسەر رێگای نەخشە و رێگاچارە کارو و کردەوکانیان. بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی کە بەدرێژایی مێژووی سیاسی خۆیان، روبەرووی رەوت و هێزێکی چینایەتی و کۆمەڵایەتی و جیاواز لە مەیدانی بەرامبەرکێی کۆمەڵایەتی و سیاسییدا نەبوون، پێشرەوی و رۆڵی ئەم رەوتەیان بۆ تەحەمول نەدەکرا. بەرگەی رێگاچارەی جیاواز بۆ پرسی سیاسی و دۆخی هەڵواسراوی کوردستان، یەکسانی ژن و پیاو هەڵوەشاندنەوەی یاسای باری کەسێتی، رێکخستنی جەماوەر بۆ بەدەستهێانی مافەکانیانیان نەگرت. یەکێتی وەکو هێزێک هەراسان لە کۆمۆنیزمی کرێکاریی و ئازادی بوو.

هیچ هێزو رەوتێکی سیاسی لەناو خانەوادەی بۆرژوازی کوردا، بە وێنەی یەکێتی، بانگەشەی دیموکراسی ئازادی و مافی مرۆڤ و مەدەنیەت و ناکات و نافشێ، کەچی لە مەیدانی واقعی و لە ئاستی پراکتیکیدا هیچ هێزێک هێندەی یەکێتی دژی دیموکراتی و ئازادی و رێزگرتن لە مافی مرۆڤ و مەدەنیەت و مافە سەرەتاییەکانی هاوڵاتیان و تاکی کۆمەڵگە، نییە.

هێرش بۆسەر رەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی، نەک هەر کۆمۆنیزمی کرێکاریی و حزبەکەی توشی پاشەکشەکرد، بەڵکو ئازادی و ئازادیخوازیش پاشەکشەی پێکرا. هێرش و سەرکوت کەشی زۆرتری بۆ ئاوەڵابوو، کۆنەپەرستان و رەوتەکانیان، جڵەو بەرەڵاتر بوون. کرێکاران و زەحمەتکێشان، ژنان و لاوان و پشتیوانیەکی گەورەیان لە مەیدانی بەرامبەرکێی کۆمەڵایەتی و چینایەتییدا لەدەستدا، دەنگی ئازادیخوازی خەفەتر کرا، بەڵام نەتوانرا تورەیی جەماوەری بێبەشان جڵەو بکرێت، و رەوتی پاشەکشەو ریسوای بزوتنەوەی کوردایەتی بەری پێبگیرێت... ئەگەر لەکاتی ٢٠٠٠دا، کۆمۆنیزمی کرێکاری رەچەشکێنی کرد و دەیان بەناو پیرۆزی لە نەریتەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، بێبەها کردو دەرگای کردەوە کە بتوانرێت پیروزیەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و رەخنەبکرێن و پەردەیان لەسەر هەڵبماڵرێت. ئەو کاتە رەخنە تیژەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریی و لە رەوشت و نەریت و سیاسەت و کەلتور و ئەخلاقیات و بۆچووکانی بزوتنەوەی کوردایەتی ریزێکی بەرین لە نووسەر و ئیلیتی سیاسی خستبووە سەر هەوای نیگەرانی و هەراس و کۆمۆنیزمی کرێکارییان بە توندرەو و جوێندەر وێنا دەکرد، کەچی ئێستا بەفراوانترین شیوە و لەئاستی بەرینی کۆمەڵایەتیدا بزوتنەوەی کوردایەتی لەژێر هەرەشەی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەریدایە و میراتی کۆمۆنیزمی کریکاری لایەن و هۆکارێکی سەرەکی ئەو جەرائەتەیە کەرووبەرووی بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانیەتی.

١٤/٧/٢٠٠٠ یادی تاوانێکی لەبیرنەکراوی بزوتنەوەی کوردایەتییە، کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان فەرمانی ئەنجامدانی داوەو نەوشیروان مستەفای باوکی هەژاران!! جێبەجێی کردووەو لەم تاوانکاریەشەدا پینج ئینسانی تێکۆشەری رزگاری بەکردەوەی هەژاران، بە بریاری باوکی هەژاران!! گیانیان لێسەندرایەوە کە یەکێک لەو هاورێیانە بەدیلی کەوتە دەستیان، و بە کەوش و شەقی بەڵتەجیەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لە خەستەخانەدا، گیانی دەکێشرێت...

ئەو تاوانەی یەکێتی نیشتیمانی، لەپاڵ زنجیرە تاوانەکانی تری هاوشانەکانی لەناو خانەی بزوتنەوەی کوردایەتیدا نەک هەر لەبیرناچنەوە، بەڵکو دەبنە بەڵگەی دادگاییکردنیان، لەهەر راپەرین و شۆرشێکی بێبەشاندا...

## لە کارڵ مارکسەوە بۆ مەنسور حیکمەت...

وەکو لینین پێمان ئەڵێ، مارکسیزم، لەسەر سێ پایە وەستاوە ئەویش فەلسەفەی ئەڵمانی، سۆشیالیزمی فەرەنسی وە ئابوری سیاسی ئینگلیزی. بە واتایەکی تر مارکسیزم لەسەر بنەمای رەخنە لە فیکر و تێڕوانینی فەلسەفی، سیاسی، ئابوری و فەرهەنگی سەردەمی خۆی و لە پرۆسەیەکدا هاتۆتە دونیاوە. لینینیش مارکسیزمی گواستۆتەوە قۆناغی ئیمپیریالیزم وە ئیمکانبوونی شۆڕشی کرێکاری و دامەزراندنی حکومەتی کرێکاری و سۆشیالیزم لە رێگای دروستکردنی حیزبی سیاسی کرێکاری بۆ پێشڕەوی چینی کرێکار بەرەو بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە ڕوسیا. لەگەڵ ئەوەشدا سەلماندی کە چینی کرێکار ئەتوانێ لە رێگای شوراوە حوکمی وڵات بکات.

کەواتە ئەبێ رۆڵی مەنسور حیکمەتی بلیمەتیش زیندوکردنەوەی ئەو ئاسەوار و فەرهەنگە بێت و هێنانە دەرەوەی تێڕوانینی مارکسییەت بێت لەژێر خاکوخۆڵ و ئەفکاری بورجوازی و هەروەها جیاکردنەوە و پاککردنەوەی ئەم فەرهەنگە لە ئەفکاری پۆپۆلیستی و سۆشیالیستی بۆرجوازی بێت.

لینین بێوچان و بەبەردەوام خەباتی کرد و تێکۆشا بۆ ئەوەی رێگە لە تێکەڵاوکردنی مارکسیزم لەگەڵ خەیاڵات و ئەفکاری وردە بۆرجوازی و تەحریفی بگرێ وە هەوەها ڕیزی سەربەخۆی کرێکاران بپارێزێ. مەنسور حیکمەت ئەم میتۆدەی بۆ نەوەی سەردەم ژییانەوە. جیاوازییەکی زەمەنی درێژ لە نێوان سەردەمی لینین و مارکس نەبو بەڵام مەنسور حیکمەت حەفتا ساڵ دوای شکستی شۆڕشی سۆشیالیستی دەستیکرد بە زیندوکردنەوەی فەرهەنگی مارکسیزم. وەکو چۆن مارکسیزم لەلایەک بەروبومی ڕەخنەگرتنە لە بیروبۆچونی سەردەمی خۆی، لەلایەکی تریش بەرهەمی مانگرتن و خۆپیشاندان و شۆڕشەکانی ١٨٣٠، ١٨٤٨ و ١٨٧٠ ئەوروپایە. بەرهەمی خەباتی کرێکارانی بەریتانیا و ئەوروپای ڕۆژئاوایە. لینینزمیش لەلایەک بەرهەمی ڕەخنەگرتنە لە بیروبۆچون و فەرهەنگی سەردەمی خۆی و جیاکردنەوەی سۆشیالیزمی کرێکارییە لە سۆشیالیزمی سازشکارانە و نیشتمانیەوە هەروەها بەرهەمی مانگرتن و خۆپیشاندان و شۆڕشی ١٩٠٥ ڕووسیایە. پێموایە حیکمەتیزمیش لەلایەک بەرهەمی مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی ئێران و شۆڕشی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێشی ئێرانی ساڵی ١٩٧٩ و لەلایەکی تریش بەرهەمی ڕەخنەیە لە فەرهەنگی سەردەمی خۆی. بەرهەمی ڕەخنەیە لە پۆپۆلیزم، ئەفکاری ماو، کۆمۆنیزمی ڕوسی، سۆشیالیزمی ئەلبانی، ڕیفۆرمیزم و چەپی بۆرجوازی.. ئەنجلز ئەڵێ وەک چۆن داروین یاسای گەشەکردنی چەشنی دۆزییەوە مارکسیش یاسای گەشەکردنی کۆمەڵگەی دۆزییەوە و پێموایە لینینیش یاسای گەیشتنی چینی کرێکاری بە دەسەڵاتی سیاسی لەڕێگای دروستکردنی حیزبی سیاسی و شۆڕشکردنەوە دۆزیەوە.

مەنسور حیکمەت ئەم دوو یاسایەی زیندوکردەوە.

پێموایە مەزنی مەنسور حیکمەت لەوەدایە کە ئەو دوو مێژوەی بەیەکەوە بەستەوە. مێژوی سەردەمی مارکس و لینین لەگەڵ ئەم سەردەمە. مێژوی مانیفێستی کۆمۆنیستی و بەلشەفییەت بە دونیایەکی باشتر. هەروەها مەزنی مەنسوری حیکمەت، داهێنەری کۆمۆنیزمی کرێکاری، لەوەشدایە کە مارکسیزمی گرێدایەوە بە خەباتی کرێکاران و سەلماندییەوە کە کرێکاران بۆ گەیشتن بەدەسەڵاتی سیاسی ئەبێ خاوەنی حیزبی خۆیان بن. خاوەنی بەرنامە و تێڕوانینی سەربەخۆی خۆیان بن. لەسەرو هەموشیانەوە مەزنی مەنسوری حیکمەت لەوەدایە وەڵامی گرێ سیاسییەکانی ئەم سەردەمەی پێیە.

**نووسینی: توانا حەمە نوری**

## دریژەی: تۆمەتباری سەرەکی ئالودەبوون و بازرگانی کردن بە مادەی هۆشبەرەوە، دەسەڵاتی سیاسییە...

هاوکات بە پێی راپۆرتی رێکخراوە نەتەوە یەکگرتوەکان تایبەت بە مادە هۆشبەرەکان (UNDOC)تا ساڵی ٢٠٠٣ حاڵەتی بەکارهێنان و بازرگانی بە مادەی هۆشبەرەوە لە هەرێمی کوردستاندا نەبوو. واتە بەدوای کەوتنی دەسەڵاتی بەعسەوە، پرسی بازرگانی و بەکارهینانی مادەی هۆشبەر دەستی پیکردووە و تا هاتووە زیادی کردووە.

هۆکاری بنەرەتی روو هێنانی هاوڵاتیان بۆ بەکارهێننانی مادەی هۆشبەر، دەگەڕیتەوە بۆ بێکاری و زاڵ بوونی نائومێدی و سەختی ژیان و گوزەران. هەروەها بازرگانی کردن بە مادەی هۆشبەر و قازانجێکی خەیاڵی کە ئەو بازرگانییە بەدوای خۆیدا دەهێنێ وای کردووە کە چاوچنۆکان و بازرگانەکان، پەنا بۆ ئەو بازرگانییە مەترسیدارە ببەن. دیارە بوونی ئەو هەبوو بازرگانە کە ١٠٠٠ کەسیان گیرابن، پرسیار ئەوەیە ئەی چەند هەزار بازرگانی تر لەژێر سایەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیدا، خەریکی ئەو بازرگانییەن؟

دەست بەسەراگرتنی زیاتر لە ٢٠٠ تەن، موادی هۆشبەر لە حەشیش، تریاک، هیرۆین، کریستاڵ، کیپتاگۆن...تاد. لەساڵی ٢٠٢٣ دا، ئامارێکی هێندە مەترسیدارە... کە کەم جیگای دنیا بە بەروارود بە ژمارەی دانیشتوانی کوردستان، بەو قەبارەیە، مەترسی لەسەر هاوڵاتیانی هەیە.

هەر بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت مادده هۆشبەرەکان ئەم ناوچەیە بووە بە ناوچەیەکی بەرهەمهێن و هەناردەکار و تەنانەت بەکاربەریش، بوونی ڕێژەی بێ شوماری مادده هۆشبەرەکانیش تا دەگاتە کارگەی بەرهەمهێنانی مادەی هۆشبەر و ئەو ریژە زۆرەی دەسگیرکراون گەواهی ئەو ڕاستییەن.

دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، کە ئەزمونێکی یەکجار نەنگینی فەرمانرەوایی بۆرژوازی کوردە، چۆن لەهەموو زەمینەو مەیدانەکان و کەرتەکانی ژیاندا، شکستی خواردووەو هەموو کەرتەکانی وەکو خوێندن و پەروەردە، تەندروستی و رێگاو بان، خزمەتگوازارییەکانی وێران کردووە و زوربەی زۆری خەڵکی کوردستانی لەگەڵ ژیانێکی یەکجار سەختی وەکو بێکاری و بێ موچەیی و بێمافی بەرەو رووکردۆتەوە، ئیستاش بەو دۆخەی خوڵقاندویەتی ژینگەیەکی بێ وێنەی بۆ بەکارهێنان و بازرگانی کردن بە مادەی هۆشبەرەوە خوڵقاندووە. بەمەش کۆمەڵگەی لەگەڵ مەترسیەکی گەورە رووبەڕووکردۆتەوە.

خەباتکردن و رووبەرووبوونەوە لەدژی ئالودەبوون و قاچاخچێتی بە مادە هۆشبەرەکانەوە، بۆتە مەیدانێکی گرنگ کە نابێ فەرامۆش بکرێت. مادەی هۆشبەر و بەرینبوونەوە و بڵاوبونەوەی یەکێک لە گەورەترین مەترسییە بۆ شیواندنی کۆمەڵگە و لەبەریەک ترازاندن و لە راستیدا وێران کردنی.

بۆیە قەدەغەکردنی بێئەملاوئەولای کڕین و فرۆشتنی مادده بێهۆشکەرەکان و چاودێری کردن و سزادانی توند و لێبڕاوانەی ئەوانەی بەرهەمی دەهێنن و قاچاخچێتی پێوە دەکەن و بەشێوەی نایاسایی دەیفرۆش، مەیدانێکی گرنگی رووبەرووبوونەوەیە لەگەڵ مەوادی بێ هۆشکەرو قاچاخچیانی...

دیارە ئەوەش رۆشنە کە مەسەلەی خەبات لە دژی ئالودەبوون لە ڕێگای لەناوبردنی ئەو زەمینە کۆمەڵایەتی و ئابووریانەوە دەبێت، کە دەبنە هۆی ڕوتێکردنی تاکەکان بۆ بەکارهێنانی مادده بێهۆشکەرەکان و پشتیوانیکردن لە ئالودەبووان لە بەرامبەر دەڵاڵ و تۆڕەکانی قاچاخچێتی و فرۆشتنی مادده بێهۆشکەرەکاندا.

وە پێویستە دەست بەجێ لە راستای بە تاوان هەژمارنەکردنی ژیانی ئالودەبووان و یارمەتیدانیان بۆ وازهێنان لە ئالودەبوون ئەم ریگایانە بگیرێتە بەر:

پێکهێنانی کلینیکی دەوڵەتی بۆ دابینکردنی ڕێژەیەکی پێویست لە مادده بێهۆشکەرەکان بۆ ئالودەبوان لە حالەتی نیشاندانی ئامادەیی بۆ بەشداریکردن لە خولەکانی وازهێنان لە ئالودەبووندا.

ڕێگەدان بە هەڵگرتنی بڕێک ماددەی بێهۆشکەر بە ئەندازەی پێویستیی شەخسی. دابینکردنی خۆڕایی سرنج و ئەمپول بۆ هەموو ئەوانەی کە خوازیارین، لەڕێگەی دەرمانگەکانەوە بەمەبەستی پاراستنی ئالودەبووان لە نەخۆشیەکانی وەک ئایدز، هەوکردنی ڤایرۆسی جگەر و□تاد و کۆمەککردن بە کۆنترۆڵکردنی مەودای بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشیانە....

قەدەغەکردنی هەرجۆرە دوورخستنەوە، زیندانیکردن و دابڕینێکی ئالودەبووان لە کۆمەڵگە تەنها لەبەر ئالودەبوونیان. ئالودەبوون بە مادده بێهۆشکەرەکان خۆی لە خۆیدا تاوان نییە.



# چەپ؛ وەك كۆتا بژاردەی دروست!

## نووسینی: ئاسۆس ساڵح

لە سەرەتای سەدەی بیستدا، جیهان پێی نایە ناو کۆمەڵێک گۆڕانکاری جۆراوجۆر هەر لە جەنگە جیهانییەکانەوە تا شکان و دابەشکردنی ئیمپراتۆرەکان و دروستبوونی دەوڵەتە ئایدۆلۆژییە جۆراوجۆرەکان و ململانێ و دابەشکاریی ئایدۆلۆژیا لە ئاستی جیهانی ...هتdد... لە دەستپێکی سەدەی بیست و یەکدا، جیهان کۆمەڵێک گۆڕانکاری هەمەجۆری بەخۆیەوە بینی و تا ئێستاش گۆڕانکارییەکان بەردەوامن. ئەوەی لە نێوان ئەم دوو سەدەیە جیاوازە خێراییە. خێرایی لە پێشوەچوون و گۆڕانکاری و تەکنەلۆژیا و زانیاری و گەیاندن ...هتد. گەر لە ڕوانگەی سیاسییەوە لە سەدەی بیست و یەک بدوێین ناکرێت لێکەوتەکانی پێش دەستپێکردنی ئەم سەدەیە نادیدە بگرین بە تایبەت هەرەسهێنانی بلۆکی سۆسیالیستی کە بۆ ماوەیەکی زۆر جیهانی دابەش کردبوو. هەر ئەمەش وای کرد سەدەی بیست و یەک گۆڕانکاریی جیاواز بەخۆیەوە ببینێت. تیشک دەخەینە سەر چەند ڕووداوێک لەوانە: لە سەرەتای ساڵانی دووهەزاردا هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەری بەخۆیەوە بینی، کە بووە هۆی شەڕی تیرۆر و ململانێی درێژخایەن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتەکانی بەرگرییان گۆڕانکاری بەسەردا هێنا. هەروەها هێرشکردنە سەر عێراق و پیلانداڕێژی بۆ داگیرکردنی وڵاتانی تر لە لایەن هێزە ئیمپریالستەکانەوە و ڕوودانی بەهاری عەرەبی. ڕووداوێکی تر قەیرانی دارایی ساڵی ٢٠٠٨ بووە کە بووە هۆی ناسەقامگیرییەکی بەرفراوانی ئابووری و سەرهەڵدانی بزووتنەوە پۆپۆلیستییەکان لە سەرانسەری جیهادا. هەروەها، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لە گشت ئاستەکانەوە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە گۆڕانکارییەکاندا. ماسمیدیا و سۆشیال میدیا بووەتە ئامرازێکی بەهێز بۆ کۆکردنەوە و ئاراستەکردن و کاریگەریدانان لەسەر سیاسەت و ئابووری و کەلتوور. سەرەڕای ئەمانە، جەنگی ئۆکرانیا و گرژییەکانی نێوان زلهێزەکانی وەک ئەمریکا، چین و ڕووسیا، بووەتە هۆی دووبارە داڕشتنەوەی هاوپەیمانیەتییە جیهانییەکان و سەردەمێکی نوێی کێبڕکێی نێوان جەمسەرەکان و پاشکۆکانیان هێناوەتەکایەوە. ئەمەی سەرەوە چاوپێداخشاندێکی خێرا بوو بە ٢٤ ساڵی ڕابردوومان، واتا ئێمە لە سەرەتای سەدەیەکین کە خێرا شتەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، لەم ڕۆژگارەدا کە قەیرانی ئابووری و جەنگ ئاوێتەی نێو یەکتر بوونە و درێژە پێدەری یەکترن پێویست بە ئەلتەرناتیڤێکی دەستبەجێ هەیە، ئەویش گەڕانەوەیە بۆ ئەو هێزانەی پاڵپشت بە هزری چەپ قسەی جیاواز و وەڵامی جیاوازیان بەم سەردمە پێیە و توانای گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی و نوێیان هەیە. چەپ باشترین بژاردەی هەر کۆمەڵگەیەکە، جا گرینگ نییە ئەو کۆمەڵگەیە چەندە پێشکەوتووە یان چەندە دواکەوتووە، ئەوە چەپەکانن گۆڕانگاری لە گشت ئاستەکان لە ژیان و گوزەرانی خەڵکی زەحمەتکێش دروست دەکەن و کۆمەڵگە لە هەموو ڕوویێکەوە دەخەنەوە سەر ڕێگەی ڕاست و دروست. سەرکەوتنی ئەمجارەی چەپەکان لە هەڵبژاردنی بەریتانیا و فەرەنسا کە دوو وڵاتی زلهێزن، تروسکاییەکە بۆ دووبارە خۆ ڕێکخستنەوە و گەڕانەوەی چەپەکان بۆ ناوەندی دەسەڵات و نیشاندانی مۆدێلی تری تێکۆشانی بەردەوامی چەپ لە خەبات دژی سیستەمی لیبڕالیزمی نوێ و ڕەگەزپەرستی و جەنگ و قەیرانەکانی تر کە کۆمەڵگەی ئەوڕوپی تووشی بووە. لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا، بۆ چارەسەرکردن و تێپڕاندنی ئەو مۆدێلە لە حوکمڕانییە پڕ قەیرانە لە گشت ئاستەکانەوە. تەنها چەپ ئۆپۆزیسیۆن و ئەلتەرناتیڤە بۆ گۆڕانکاری و بەرنامەی جیاوازی هەیە لە ئاستی سیاسی و ئابووری و نیشتمانی، وەڵام بە هەموو پرسەکان لە لای هێزە چەپەکانە بە پاڵپشت بە هزری چەپ. پرسیارە گرینگەکە ئەوەیە کاتێک چەپەکان لەسەر حەقن بۆ ناتوانن لە هەرێمی کوردستان دەسەڵات بگرنە دەست و گۆڕانکاری بکەن. بەدەر لەو واقیعە دروستکراوەی هەیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە ئاستە سیاسییەکەی. نەقۆستنەوەی دەرفەتەکان و یەکگرتوویی نەبوونی چەپەکان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ لاوازیان. وانەیەک لە سەرکەوتنی چەپەکانی فەرەنسا و بەریتانیا فێر دەبین ئەویش ئەوەیە چەپەکان تەنها بە یەکگرتوویی و یەکگوتاری دەتوانن بەهێز بن و ئەلتەرناتیڤی خۆیان نیشانی کۆمەڵگە بدەن.

❋❋❋❋❋


پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

# پرسی ڕۆژ

## لەشکرکێشی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان و لێکەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و جوگرافی و ئابووریەکانی؟

**بەڕێز هاوار محمد نووسەر و وەرگێر وەڵامی ئەم پرسەی داوەتەوە.**



ماوەی ٣٧ ساڵە ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی تورکیا لەڕێگەی ڕێکەوتن لەگەڵ ڕژێمەکانی ناوچەکە، بەفەرمی نافەرمی هێرشی کردۆتە سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان وبەقوڵایی چەندان کم پێشێلکاری کردووە، بەبیانووی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی وبیانووی دیکەی جۆراوجۆر. دوای وەستانی پرۆسەی ئاشتی لە ٢٠١٥ ەوە بەتایبەتر دوای کودەتا سەرنەکەوتوەکە لەتورکیا لە٢٠١٦ ەوە ڕژێمی تورکیا بەدەسەڵاتی ئاکەپە وبەسەرۆکایەتی ئەردۆگان هێرشیان بۆناوچەکە (هەرێمی کوردستانی عێراق وسوریا) چڕترکردۆتەوە.

ئۆپەراسیۆنی ئەمجارەیان کەلە ٢٢ی حوزەیران ەوە دەستیپێکردووە، وبەقوڵایی نزیک ٤٠ کم هاتۆتە ناوخالی هەرێمی کوردستان، ودەیان شارۆچکە وگوند وناوچەی دەستبەسەرکردووە، وهێزی سەربازی و تانک وچەکی جۆراوجۆری هێناوە، پێدەچێت ئەمجارەیان جیاوازبێت لەبەرنامە وئامانجیاندا.

**بەتێگەیشتنی ئێوە جیاوازی ئەم هەلومەرجەی ئێستا کەلەناوچەکە دەگوزەرێت بۆئەم هێرشە چییە؟**

**باشترین ئەلگوی چارەسەر و وەڵامدانەوە وبەرگرتن بەوکارەسات ومالوێرانیەی کەرەنگە ڕوبدات لەئەنجامی ئەو ئۆپەراسۆنەدا چییە؟**

**هاوار محەمەد:** لە دوای یانزەی سێپتێمبەرەوە هەر جەنگێک دروست بووبێت، هەر وڵاتێک هێرشی بۆسەر وڵات یان هەرێمێکی دیکە کردبێت، پرسی ئاسایش پاڵنەرەکەی بووە. بڕوانە هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان و عێراق، هێرشی ڕوسیا بۆ سەر ئۆکرانیا، هێرشی پێشووتری تورکیا و گروپە تیرۆریستییە داردەستەکانی بۆ سەر ڕۆژئاڤای کوردستان، هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر عەززە و هیتر. ئەوەی ئەم پاساوە، چەندە واقیعی بووە یان تەنیا بیانوویەک بووە بۆ ئەو هێرشە، هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت، کە یەکێک لە کەڵکەڵە ترسناکەکانی جیهانی نوێ پرسی "ئاسایش"ـە. بەڵام ڕێک بەهۆی زیادەڕەوی لەم خواستەدا و ئینجا میلیتاریزەکردنی پرسی ئاسایش لە جیهانێکی گلۆباڵدا، جیهان، تەنانەت بۆشایی ئاسمانیش، بۆتە جێیەکی بێ ئاسایش. لەبەرئەمەیە فەیلەسوفی چەپی ئیتاڵی "جۆرجیۆ ئاگامبێن" لە وتارێکدا پێیوایە، ئەوەی ئێستا لە جیهاندا بەڕێوەدەبرێت، لە ڕاستیدا "ئاسایش" نییە، "نا-ئاسایش"ـە.

تورکیا لەنێو ئەم جیهانەدایە کە هەتا دەوڵەتی نەتەوە بەو فۆڕمەی ئێستای تێیدا بمێنێت، "نا-ئاسایش"، جەنگ، ڕەگەزپەرستی تێیدا دەمێنێت. تورکیا بە پێی ئەو ڕێکەوتنانەی کە لەگەڵ هاوپەیمانیی شەڕخوازی ناتۆ کردوویەتی و تێیاندا وەک مەرجی قبوڵکردنی سوید و فینلەندا لە یەکێتییەکە، ئەوەی سەپاندووە کە دەستی بۆ لێدان لە کورد و بەتایبەتی خەباتگێڕانی کورد، واڵا بکەن. وا دیارە هەمووان بەم هێرشە ڕازین و تەنانەت هەڵوێستی هەرە ڕادیکاڵی ئەمریکا ئەوەبوو کە "با تورکیا لە هێرشەکەیدا، لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و حکومەتۆچکەی هەرێمی کوردستان هەماهەنگی بکات". ڕەنگە ئەمە یەکێک لە جیاوازییەکانی هێرشەکەی ئەمجارە بێت. واتە داگیرکردنی بەشێک لە خاکی باشوور بێ نواندنی نا-ڕەزامەندی لە هیچ لایەکەوە. ئەمە جگە لەوەی تورکیا هەندێک لە گروپە چەکدارە ئیسلامییە تیرۆریستییە سوونەکانی بەری سوریای گواستۆتەوە هەرێمی کوردستان و بەشێکی جەنگەکە بەوان دەکات، زەلیلکردنی کوردیش لە ڕێگەی پارتی دیموکرات و ئیسلامیستەکانی ناوخۆوە، کە ئەمەیان کارەساتبارترین خاڵی ئەم جەنگەیە. حکومەتی هەرێم هەموو دەرگایەکی بۆ تورکیا واڵاکردووە، ڕێنیشاندەر و هاوکاری ماددی و مەعنەوی و میدیایی سوپای جەندرمەیە تا دەوروبەری شارە گەورەکان؛ لە نێو شارەکانیشدا، گورگەبۆرەکانی بەرداوەتە گیانی خەباتگێڕان و هەژاران، هەر ڕۆژە و تێکۆشەرێک تیرۆردەکەن و هەر ڕۆژەو بازاڕێک، مێژوویەک، دەسووتێنن و دواییش هەر ئەم چاوساغانەی تورکیا ئەو تاوانانە، بە سیناریۆی ناشیرین، دەدەن بە ملی پەکەکەدا. لەبەر ئەم هاوکارییەی هێزەکانی باشوور لەگەڵ تورکیادا، پێدەچێت ئەم جارە تورکیا بنکەی سەربازیی درێژخایەن لە قووڵایی خاکی هەرێم دابنێت و هەرگیز نەگەڕێنەوە (مەگەر بەرخودان ناچار بە پاشەکشەیان بکات).

لەم کاتەدا کە ناتۆ خەریکی جەنگە



قێزەونەکەیەتی لەگەڵ ڕوسیادا، پێناچێت هیچ فشارێک لەسەر وڵاتانی ڕۆژئاوا بەرهەمی کۆنکریتی هەبێت. هێزە چەپەکان لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا دژ بەم هێرشانەن بۆسەر کورد، ئەوانیش کەمتر لە پێگە فەرمییە بڕیار بەدەستەکاندان. وێڕای ئەمەش لایەنیکەم پێویستە لە سێ لایەنەوە هەوڵی هەنووکەیی بدرێت:

بەهێزکردنی پەخشی میدیایی و سۆسیال میدیایی بۆ پیشاندانی ئەو تاوانانەی تورکیا بەرامبەر بە کورد لە باشوور و ڕۆژئاڤا دەیانکات؛ لەم ڕێگەیەوە فشارکردنی زیاتر لە هەندێ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بۆ بە ڕۆژەڤکردنی ئەم پەلامارە و کردنی بە بابەتی گفتوگۆ لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی (بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی کە میانەیان لەگەڵ تورکیا باش نییە، وەک ئیسرائیل، ئەرمینیا، نەرویج، بەلجیکا و تەنانەت عێراقیش).

ڕاپەڕینی جەماوەر و خەڵکی کوردستانی باشوور و ڕۆژئاڤا بەڕووی سوپای تورکدا و سەرکۆنەکردن، ئیحراجکردن، بایکۆتکردنی لایەنگر و دەستکەلا ناوخۆییەکانیان.

درێژەدان بە بەرخودان، خەبات، هاوپشتیی کورد بۆ کورد، پشتیوانی گەریلا و جەختکردنەوە لەسەر "کوردبوون" لە هەموو بۆنەیەکدا، لە هەموو دەرفەتێکدا، لە هەموو جێیەکدا کە ئەوانی دژەکورد و هاوکارەکانیانی لێن.



# خۆشباوەڕی بە هەڵبژاردن

## یاریکردن بە ڕێژەی دەنگەکان و ژمارەکان

## نووسینی: بنار مستەفا

**بەشی حەوتەم**

لە ساڵی ٢٠٠٠ لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکۆماری ئەمریکا، ئاڵ گۆر نزیک ٥١ ملیۆن دەنگی بەدەستهێنا و جۆرج دەبلیو بوش (بوشی کوڕ) کەمتر لە ٥٠ ملیۆن و نیو. ئەگەرچی بوش زیاتر لە نیو ملیۆن کەمتر دەنگی بەدەستهێنا، بەڵام بە سەرۆک کۆمار دیاریکرا.

ئەمە لە سایەی هەڵبژاردن و دیموکراتیدا ئیمکانی هەیە. باس لە جوگرافیایەکی کەم و کاریگەری پەراوێزخراو نییە، بەڵکو لەم نموونەیەدا قسە لەسەر ئەمریکایە، کە بە نموونەی دیموکراتی دەهێندرێتەوە و پۆستی سەرکۆماری ئەو وڵاتە بە یەکێک لە هەرە گرنگترین پۆستەکانی جیهان هەژمار دەکرێت.

سیستەمی هەڵبژاردنی ئەمریکا بە شێوەیەک داڕێژراوە، کە تێگەیشتنی ئاڵۆزە، تەنانەت بۆ زۆرێک لە دەنگدەرانی وڵاتەکەش. وەک زۆر جێگەی جیهان سەرکۆمار ڕاستەوخۆ بە دەنگی زۆرینەی دەنگدەران هەڵنابژێردرێت، بەڵکو دەنگی دەنگدەران لە ئاستی ویلایەتێکدا هەژمار دەکرێت. لە هەر ویلایەتێکدا ڕێژەیەک دیاریکراوە، کە پێی دەگوترێت هەڵبژێردەر. ئەو کاندیدەی زۆرینەی دەنگەکانی ئەو ویلایەتە بەدەست دێنێت، دەبێتە خاوەنی تەواوی ڕێژەی هەڵبژێردەر. زۆرینەی ڕێژەی کۆکراوەی هەڵبژێردەرەکان دەبێتە براوەی هەڵبژاردنەکان.

واتە گەر لە ویلایەتێک ڕێژەی هەڵبژێردەر زۆر بوو، ئەنجامی دەنگدانەکە بە کەمترین ئاست یەکلایی بێتەوە، ئەو جیاوازیە کەمە لە دەنگەکان دەبێتە مایەی جیاوازییەکی زۆر لە ڕێژەی هەڵبژێردەرەکان، کە یەکلاییکەرەوەیە. دووەمی هەڵبژاردنەکانیش، گەر بە جیاوازییەکی زۆر کەمیش ببێتە دووەم، نابێتە خاوەنی هیچ ڕێژەیەکی هەڵبژێردەر لەو ویلایەتە. بۆیە ڕێژەی هەڵبژێردەر هاوتای ڕێژەی دەنگەکان نییە.

بۆ نموونە لە فلۆریدا هەر یەک لە بوش و ئاڵ گۆر نزیکەی سێ ملیۆن دەنگیان بەدەستهێنا. بە ژمارە دەنگەکانی بوش ٥٣٧ دانە زیاتربوون. بەم شێوەیە بوش بووە خاوەنی تەواوی ٢٥ هەڵبژێردەری فلۆریدا. نزیک بە سێ ملیۆن دەنگی ڕکابەر هیچ جێگەیەکی نەگرت. هەر بۆیە دەکرێت بە ڕێژەی دەنگی کەمینەش کاندیدێک ببێتە سەرکۆمار، هەر وەک بۆشی کوڕ لە ٢٠٠ دا و دۆناڵد ترامپ لە ٢٠١٦ دا. شایەنی باسە ڕێژەی دەنگەکانی ترامپ نزیک سێ ملیۆن کەمتر بوو لە دەنگەکانی هیلاری کلینتۆن، بەڵام ترامپ بووە سەرکۆمار.

پاش هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ ی کوردستان دەگوترا، کە مەسعود بەرزانی ٧٠٪ی دەنگی خەڵکی کوردستانی بەدەستهێناوە. تەنانەت شەش ساڵ دواتر عەدنان عوسمان لە وتارێکدا لە سپی میدیا بە هەمان شێوە ئاماژە بە ٧٠ ٪ دەنگەکانی هەرێم دەکات. بەڵام ئەمە ڕاست نییە. مەسعود بەرزانی ٦٩.٦ ٪ی دەنگی دەنگدەرانی بەدەستهێنا، نەک خەڵکی کوردستان. بە پێی ئامارەکانی خودی خۆشیان ڕێژەی بەشداربووی هەڵبژاردنەکانی ئەو ساڵە ٧٨.٥ ٪ بوو. واتە تەنانەت بە ڕێژەی ڕاگەیاندنی خودی خۆشیان بەرزانی ٥٤.٣ ٪ دەنگی خەڵکی کوردستانی بەدەستهێناوە.

> **پاش هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ ی کوردستان دەگوترا، کە مەسعود بەرزانی ٧٠٪ی دەنگی خەڵکی کوردستانی بەدەستهێناوە، بەڵام ئەمە ڕاست نییە. مەسعود بەرزانی ٦٩.٦٪ی دەنگی دەنگدەرانی بەدەستهێنا، نەک خەڵکی کوردستان. هەروەها ڕێژەی تەزویر، بەزۆر ناردنە سەر سندوقەکان، هەڕەشەی لەسەرکار دەرکردن و نابڕین و زۆر بابەتی تر لەبەرچاو نەگیراوە. ڕەنگە جێگەی سەرسوڕمان نەبێت، گەر لێکۆڵینەوەی ورد بکرێت و ئەنجامە ڕاستەقینەکە زۆر لەوەش کەمتربێت...**

ئەمە ڕێژەی فەرمی ڕاگەیەندراوی خۆیانە، ئایا بەڕاستی ڕێژەی بەشداربوو یان دەنگەکانی بەرزانی لەو ئاستەدا بوو، ڕاگەیاندنی بێلایەن لەبەردەست نییە و ڕێژەکانیش زیاتر پرسیار و گومان هەڵدەگرن تا متمانە. هەروەها ڕێژەی ئەگەری تەزویر، بەزۆر ناردنە سەر سندوقەکان، هەڕەشەی لەسەرکار دەرکردن و نابڕین و زۆر بابەتی تر لەبەرچاو نەگیراوە. ڕەنگە جێگەی سەرسوڕمان نەبێت، گەر لێکۆڵینەوەی ورد بکرێت و ئەنجامە ڕاستەقینەکە زۆر لەوەش کەمتربێت.

وێڕای هەموو ئەم سەرنجانە، وێڕای ئەوەی بە پێی خودی ئامارەکانی خۆشیان، بەرزانی ٥٤.٣ ٪ی دەنگی خەڵکی بەدەستهێناوە. بەڵام کاتێک قسەی لەسەر دەکرێت یان لە جێگەیەک ئاماژەی پێ دەدرێت، خۆبەخۆ ڕێژەی بەدەستهاتووی دەنگەکان یەکسان دەکەن بە ڕێژەی دەنگی دەنگدەران. ئەمەش جیاوازییەکی زۆری هەیە، بەتایبەتی گەر قسە لەسەر ئەو هەڵبژاردنانە بکەین، کە ڕێژەی بەشداری کەمترە، وەک هەڵبژاردنەکانی ساڵانی ڕابردووی کوردستان.

کوردستان تەنها جێگە نییە، کە ڕێژەی بەدەستهاتووی دەنگی براوە ڕاستەوخۆ بە دەنگی تەواوی کۆمەڵگە لە قەڵەم دەدرێت. وەک لە بەشی ڕابردوودا ئاماژەی پێدرا، سەرۆک وەزیرانی فینلاند ئاماژەی بە وەرگرتنی وەکالەتی بەهێزی گەل کرد، لە کاتێکدا ڕێژەی بەدەستهاتووی دەنگەکانی حزبەکەی و سێ حزبی شەریکی حکومەتەکەی، تێکڕا یەک لەسەر سێی تەواوی دەنگەکان بوو. لە زۆر نموونەی جیهاندا، کاتێک بەراوردی ڕێژەی دەنگی براوە بە تەواوی ڕێژەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە دەکەین، دەبنە کەمینە. بۆ نموونە ئەردۆغان لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨دا ٥٢،٥٩٪ی دەنگەکانی بەدەستهێنا. ڕێژەی دەنگدانیش ٨٦،٢ ٪ بوو. واتە ئەردۆغان بووە سەرکۆمار بە بەدەستهێنانی ٤٥،٣ دەنگی هەموو ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە.



کۆمەڵێک نموونەی تری هاوشێوە هەیە، کە سەرکۆمار یان حزبی براوەی هەڵبژاردنەکان، بە پێی ئامارەکانی خۆشیان، پشتیوانی نیوە کەمتری خەڵکیان لەگەڵە. لە هەڵبژاردنەکانی میسری ٢٠١٤ عەبدولفەتاح سیسی تەنانەت ٩٦٪ی دەنگەکانی بەدەستهێنا. بەڵام ڕێژەی بەشداری ٤٦٪ بوو. واتە گەر تەواوی بەشداربووانیش دەنگیان پێ بدایە، هێشتا نیوەی کەمتری تەواوی هاوڵاتیانی خاوەن مافی دەنگدانی دەکرد.

تەنها لە ئاستی هەڵبژاردنی سەرکۆماردا دەنگی کەمینە نابێتە شانسی براوە، بەڵکو لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیشدا ئەم دەرفەتە کراوەیە. بۆ نموونە لە هەڵژاردنەکانی ١٩٥١ بەریتانیا پارتی لەیبەر (کرێکاران) زیاتر لە ٢٠٠ هەزار دەنگی زیاتر لە کۆنسێرڤاتیڤەکان بەدەستهێنا، بەڵام کۆنسێرڤاتیڤەکان بوونە خاوەنی ٢٦ کورسی زیاتر لە پارتی لەیبەر و حکومەتیان پێکهێنا. لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٧٩ی کەنەدا ڕێژەی دەنگی کۆنسێرڤاتیڤەکان نزیک نیو ملیۆن کەمتر بوو لە لیبراڵەکان، بەڵام کۆنسێرڤاتیڤەکان زۆرینەی پەرلەمانیان کەوتە دەست. لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٨ی ئوستراڵیا پارتی لەیبەر بە تەنها نیوەی زیاتری تەواوی دەنگەکانی بەدەستهێنا. وێڕای ئەوەش ٦٧ کورسی بەدەستهێنا و لیستی هاوبەشی نەتەوە و لیبراڵەکان بووە وێڕای بەدەستهێنانی دەنگی کەمینە، ٨٠ کورسی پەرلەمانیان بەدەستهێنا و حکومەتیان پێکهێنا.

ئەمانە کۆمەڵێک نموونەن، کە لە ڕێگەی سیستەمی هەڵبژاردن و ڕێژەی دەنگەکان دەکرێت یاری جۆراوجۆر ئەنجام بدرێت. هەم لە ڕێگەی یاساییەوە مەیسەرە، کە بەدەنگی کەمینە، زۆرینەی پەرلەمان بەدەستبێت و حکومەت و پۆستی سەرکۆمار بگیرێتە دەست، هەم لە ڕووی ئاماژەوە دەکرێت چەواشە بکرێت ڕێژەی دەنگی بەدەستهاتوو هاوتاوی دەنگی هەموو کۆمەڵگە هەژمار بکرێت.

لە سایەی سیستەمی دیموکراتی و هەڵبژاردن، دەکرێت کەسانی وەک بوش، ترامپ، سیسی و بەرزانی، وەک سەرۆک هەڵبژێردرێن. بە دەنگی کەمینە یان بە چەواشەی زۆرینە.

**درێژەی هەیە....**

**ناوەڕاستی تەموزی ٢٠٢٤**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە

# هۆكار و ئامانجی سەردانەكەی بارزانی بۆ بەغدا؟!

عەبدوڵا مەحمود

لە چەند رۆژی رابردوودا سەرۆكی پارتی مەسعود بارزانی سەردانی بەغدای كرد. لەو سەردانەیدا چاوی بە زۆرێك لە سەركردە سیاسیەكانی حزب و لایەنە شیعی و سونی و تایفیەكان و نوێنەرایەتی چەند وڵاتێك كەوت. میدیاكانی پارتی سەردانەكەیان وەكو سەردانێكی مێژوویی و گرنگ و بارزانیان وەكو باوكی پرۆسەی سیاسی لە عێراق و كۆكەرەوەی لایەنە سیاسیەكان وێنا كرد. بەپێی میدیاكانی پارتی سەردانەكەی بارزانی چەند مەسەلەی گرنگی لە خۆگرتووە لەوانە؛ ناكۆكیەكانی هەولێر و بەغدا، پرسی موچە، پێكهێنانی حكومەتی خۆجێی كەركوك، دۆسیەی هەڵبژاردنی سەرۆكی پەرلەمانی عێراق...تاد.

دیارە بارزانی هیچ سیفەتێكی فەرمی نییە، جگە لەوەی سەرۆكی پارتییە و وەكو كەسایەتیەكی سیاسی پەیوەندی لەگەڵ بەشێكی زۆر لە نوخبەو كەسایەتییە سیاسییەكانی عێراق و ناوچەكە و دنیادا هەیە، هەر بەوپێیەش بەپێچەوانەی بانگەشەی میدیاكانی پارتی جگە لەچەند بەرپرسێكی باڵای حزبەكەی لە بەغدا هیچ كەسێكی تر چ لەئاستی فەرمی و حكومی و چ لەئاستی سەرانی ئەحزابی سیاسیدا لەپێشوازی بارزانیدا نەبوون.

دۆسیەی ناكۆكی هەولێر و بەغدا، حكومەتی خۆجێی كەركوك، پرسی موچە و هەڵبژاردنی سەرۆكی پەرلەمانی عێراق و چەندین پرسی تر...تاد، دۆسیەگەلێكن كە بەدرێژایی عێراقی تازەی دوای كەوتنی دەسەڵاتی بەعس ئامادەییان هەبووەو ئاماژەن بۆ ناكۆكی و ناتەبایی ریزەكانی بۆرژوازی عێراقی، بەتایبەتیش ناكۆكی لەنێوان ناسیونالیزمی كورد و باڵەكانی بۆرژوازی لە بەغدا. بەڵام ئەم دۆسیانە لە سەردانەكەی بارزانییدا بۆ بەغدا، لاوەكی و دیوی دەرەوەی واقعیەتێكی ترە كە ریشەی لە ئاڵوگۆرێكی بناغەییتردایە كە بەسەر دۆخی سیاسی عیراق و كوردستاندا هاتووە.

سەردانی بارزانی بۆ بەغدا بەدوای زنجیرەیەك لە سەردانی نێچیر بارزانی و مەسرور بارزانی و شاندەكانی حكومەتی هەرێمدا بۆ بەغدا و دوای زیاتر لە ٦ ساڵ و بەدوای ریفراندۆمدا هات. ئەم سەردانەی مەسعود بارزانی، لەپێش هەموو شتێكدا دانان بوو بەو ئاڵوگۆڕانەی لەچەند ساڵی رابردوودا لە دۆخی عێراق و بەسەر هاوسەنگی هێزەكاندا هاتووە. بەتاییبەتی دانان بوو بە شكستی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی كورد لەبەرامبەر بە هەژموون و باڵادەستی بۆرژوازی عیراقیدا. ئەگەر تا پێش ١٦ ئۆكتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ و ریفراندۆمدا، بۆرژوازی كورد سەرمەستی پێگەی سەربەخۆیی ئابوری و ئیداری و سیاسی و خاوەنی پشتیوانیەكی ناوچەیی و جیهانی بوو، بەدوای ١٦ ئۆكتۆبەردا، رەوەندی روداوەكان وەكو زنجیرەیەك روداوی خێرا بە ئاقاری بچوككردنەوەی پێگەی ناسیونالیزمی كورد بوو. وەكو دەستپێك دەرهێنانی دۆسیەی فرۆشتنی نەوت غاز، بەیاساییكردنی چاودێری بەغدا بەسەر داهاتەكانی هەرێم، جوڵاندنی دادگای فیدرالی لەبەرامبەر دۆسیەكانی ناو هەرێم، جوڵەكانی بەغدا بۆ گێرانەوەی باڵادەستی ئەمنی بەسەر سنورەكاندا، باسی هەمواری دەستور.... دواتریش بریارەكانی دادگای فیدرالی لەدژی دەسەڵاتی یاسایی و حقوقی ناسیونالیزمی كورد لە هەرێمدا...تاد ئەو رەوەندە بوو كە زۆر زوو پارتی و یەكێتی ناچار بەوە كرد قیبلەی خۆیان بەرەو بەغدا و خۆگونجاندن لەگەڵییدا وەربگێرن، لەو نێوەدا بەجیا لەوەی پارتی بەوێنەی دەسەڵاتی زاڵی ناو هەرێم و خاوەن بریاری سیاسی بەرگری لەخۆ نیشاندا و ئێستاش ناچارە نیگەرانی دەرببڕێت و بەرەنگاری یان كاردانەوە لەخۆی نیشان بدات، بەڵام لە باڵكۆنی هەرێم و سەكۆی پشتەوەدا مەسعود بارزانی بێدەنگەو زیاتر لەوەش باسی لە دوژمنكاری بەغدا، پاشگەزبوونەوە لەدەستور، مانەوەی عەقڵیەتی شۆڤینی، ناساندنی دادگای فیدرالی بە دادگای بەعس...تاد دەكرد. ئەم سەردانەی بۆ بەغداو راگەیاندنی ئەوەی كە بەغدا نیەتی باشی هەیە و ئەندازیار و نوێنەری ئەم نیەت باشییە سودانییە، كۆتایی بە رووبەرووبوونەوە توندەكانی لەگەڵ بەغدا و باڵەكانی بۆرژوازی عێراقیدا هێنا و رادەستی واقعیەتە تازەكان و ئاڵوگۆرەكانی عیراق بوو، بەو مانایە هیچ سەركەوتنێك بۆ بارزانی لە ئارادا نییە، بەڵكو پاشەكشەو هاتنەخوارەوەی بوو لە تەلاری خەونەكانی پێشووی.

هەروەها خۆ بەستنەوەی تەواوەتی بە ئەمریكا و غەرب و جەمسەری توركی، بەبێ ملدان و هاوكاری لەگەڵ ئیراندا، خێراتر لەوەی روودەدات دەتوانێت دۆخی هەرێم بەگشتی و زۆنی زەرد بەتایبەتی توشی پشێوی و نائەمنی نەخوازراو بكات و هاوسەنگی هێز لەگەڵ نەیارە مێژوویەكی یەكێتی نیشتیماندا، بەزیان بۆی بگۆرێت... بۆیە لەو بارەیەوە كە دەسەڵاتی زاڵی بەغدا، زۆرتر وابەستەی جەمسەری ئیرانییە، ناچارە لەگەڵ ئەو واقعیەتەدا مامەڵە بكات. بەتایبەتیش كە ئێران لە دەباشان كاراترە بۆ كردنەوەی گرێكوێرەكانی نێوان سەری رەش و دەباشان.

پارتی و بارزانی بۆ گفتوگۆ لەسەر پرسی بودجە و موچە و كەركوك و هەڵبژاردن و ...تاد، چ لەگەڵ بەغدا و چ لەگەڵ یەكێتی ناچارن پێشوەختە واقعیەتە تازەكانی دۆخی عێراق قبوڵ بكەن و تەنانەت ئەوە بۆتە پێشمەرجێكی نەنووسراوی هەر دانوستاندنێك، بارزانی لەم سەردانەیدا ئەوەی قبوڵ كرد.

سەیر ئەوەیە میدیاكانی پارتی و زۆرویژانیان باسی ئەوە دەكەن كە بارزانی بۆتە كۆكەرەوەی هیزە ناكۆكە عێراقیەكان و كلیلی چارەسەری پرسی هەڵبژاردنی سەرۆكی پەرلەمان... ئەوە لەكاتێكدایە لە هەرێمدا و لە دڵی كوردستاندا "كەركوك" ناتوانێت پرسی پاریزگار لەگەل یەكێتی و لایەنەكان یەكلابكاتەوە و لەسەر ئاستی هەرێمی كوردستانیش گرژی نیوان پارتی و یەكێتی بەجێگایەك گەیشتووە، كە ناكۆكیەكانیان لەسەر قەڵەمرەوی دەسەڵات و تاڵانی و پۆست و شۆڕ بۆتەوە بۆ نزمترین ئاستی ریزەكانیان و كاریگەری لەسەر كۆمەڵگە بە ئاسانی دەبینرێت. ململانێشیان لەسەر نوینەرایەتیكردنی بەغدا و لە هەرێمدا دەچیتە چوارچیوەی ململانێكانی دەورەی داهاتوو. جیا لەوانە بارزانی هیچ ڕیكەوتنامەیەكی لەگەڵ كەس واژۆ نەكرد، جگە لە گۆڕینەوەی بیرورا و خستنەرووی گلەیی و گازندە لەلایەك و پیاهەڵدان و ستایش لەلایەكی ترەوە، كە ئەمەش هیچ دەستكەوتێك و پێشرەوی و سەركەوتنێكی دیبلۆماسی بۆ بارزانی تۆمار ناكات.

هەموو ئەو ئاڵوگۆر و دۆسیانە، لەپاڵ پرسی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی كوردستان و ئاڵانگاریەكانی بەردەمی، زۆربوونی دەستێوەردانی ئیران و توركیا، دارمانی یەكجارەكی متمانەی خەڵك بە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی... ئەو پرسانەن كە پارتی و بارزانی و یەكێتی و هیزە بۆرژوازییەكان بەدەستیانەوە دەناڵێنن، بێئەوەی هیچ كارت و رێگاچارەیەكیان بەدەستەوە بێت. بەڵام لەونێوەدا پرسی بچوكبوونەوەی دەسەڵات و قەوارەی هەرێم لەبەرامبەر بەغدا، تا ئەو رادەیەی هەموو سەرانی وورد و درشتی بزوتنەوەی كوردایەتی و تا دەگاتە نووسەر و پارێزەرانی بزوتنەوەی نەتەوەپەرستی كورد، باس لە دارمان و مەترسی كۆتاییهاتنی ئەو قەوارەیە دەكەن، كەبووە قەوارەی بەخشینی "ژیانی شاهانە و فیرعەونی بە بۆرژوازی كورد و بنەماڵە دەستڕۆشتوە حزبی و بنەماڵەیەكان و ژیانی مەمرەو مەژی بۆ چینی كریكار و جەماوەری بیبەشی كوردستان". مەبنای سەردانەكەی بارزانی بوو بۆ بەغدا. وە مەبنای هەموو ئەو جموجۆڵە دیبلۆماسیانەیە كە پارتی و بارزانی و یەكێتی، لەم دەورەیەدا، بەدوایەوەن.

**ناوەراستی تەموزی ٢٠٢٤**

**تێبینی: ئەم بابەتە لە ئۆكتۆبەری ژمارە ٨٧ بڵاوكراوەتەوە**

# كرێكاران، زەحمەتكێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

**بڵاوكراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی كۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەكۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەكۆیەكی لێبراوە بۆ رووبەڕوبوونەوەی فكر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوكارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فكری و حزبییەكانی...**

**بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەركی پێناسەكراوی خۆی سەركەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی ناڕەزایەتییەكانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەكانتان، لە كێشەو گیروگرفتەكان و ڕێگریەكانی بەردەم خەبات و یەكگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بكەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بكەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەكەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی كار و قوربانیانی، هەواڵی سەركوت و دزی و تالانی دەسەڵات و كۆمپانیاكانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەكانیان، هەواڵی پێشێلكاری ئازادیە سیاسیەكان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەكان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەكۆی ڕاستبێژی و مەیدانێكی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەكی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەكی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..**

bpeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net



# بۆچی تەنها تورکیا مەحکومە؟

نووسینی: سەردار عەبدوڵا حەمە

هەروەک ئاگادارین تورکیا هێرشی سەربازی بەرفروانی بۆ سەر شاروگوندەکانی هەرێمی کوردستان لە ٢٢/٦ وە دەست پێ کردووە سەلامەتی و ئەمنیەتی ناوچەکەی نەهێشتووە و تا ئێستا ٢٠٩ گوند چۆڵ کراون لە چەندین ناوچە خەڵک بەهۆی بۆمبارانی درۆنەکان و فڕۆکە جەنگیەکان گیانیان لەدەست داوە. تا ئێستا ٢٨٩ بۆمبارانی خەڵکی مەدەنی ناوچەکە و شارو شارۆچکەکانی تریش بە درۆن و تۆپ وتەیارەو هاون کراوە و سەدان کەس بوونەتە قوربانی. ئەمە شتێکی ئەوتۆی جیاواز تر نییە لەرەفتاری فاشیزمی بەعس لەساڵەکانی هەشتاکاندا کە هێرشی کردە سەرگوندو شاروشارۆچکەکانی کوردستان و دەستی دایە ڕاگواستن و ئەنفال وکیمیابارانکردنی خەڵکی سیڤیل. دیارە حکومەتی بەعس بە بیانووی بوونی پێشمەرگە ئەم رەفتارانەی ئەنجام دەدا هەروەک ئێستایش تورکیا بە بیانووی پ ک ک ئەم کارە دەکات. لێرەدا تورکیا هەمان کاری بەعس ئەنجام دەدات بۆیە دەبێ بەدەوڵەتێکی فاشیست ناوی ببرێ ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی تورکیا ئیدانە یامەحکوم بکرێ، نەک پ ک ک. حیزب و لایەنەکانی کوردستان جگە لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری یا راستەوخۆ بەشدارن لەم کردەوەی تورکیادا یا بێ دەنگیان هەڵبژاردوە و نەیانتوانیوە ئەم هێرشە سەربازیە مەحکوم بکەن. هەرچەندە حیزبی شوعی کوردستان خۆپیشاندانێکی لەهەولێر ئەنجام دا دژی ئەم هێرشە کە کارێکی ئیجابی وباش بوو، بەڵام بە فەرمی و بەشێوەکی ڕیشەیی ڕەخنەیان لە تورکیا نەبووە و بەکردەیەکی فاشیستانە ناویان نەبردووە . ئێمە وەک حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاري رەخنەی ریشەییمان لەم هێرشەی تورکیا هەبووە و بەهێرشی دەوڵەتێکی فاشیست ناومان بردووە . ئێمە تەنها تورکیا بە تاوانبار دەزانین، نەک لەبەرئەوەی بەرگری لە پ ک ک دەکەین هەروەک چۆن ئێستا ئیسرائیل بە تاوانبار دەزانین، نەک لە بەرئەوەی بەرگری لەحەماس وئیسلامی سیاسی وجمهوری ئیسلامی ئێران دەکەین هەروەک چۆن لە هێرشی جمهوری ئیسلامی بۆ سەردیموکرات و کۆمەڵە وئۆپزسیۆنی ئێرانی تەنها جمهوری ئیسلامی بە تاوانبار ئەزانین بە مانای بەرگری نییە لەدیموکرات و کۆمەڵە هەروەک چۆن لەشەڕی کەنداودا ئێمە ئەمەریکا و هاوپەیمانانمان مەحکوم کرد بە مانای بەرگری نەبوو لەحکومەتی بەعس. کاتێک کەسێک دەچێتە سەر ماڵی کەسێکی تر ژن و منداڵی ماڵەکە دەکوژێت لە یاسادا ئەو کەسە تاوانبارە . ئێمەیش پێمان وایە ئەو دەوڵەت وزلهێزانە تاوانبارن کە بوونەتە هۆی کوشتن و بریندار کردن و ئاوارە بوونی خەڵکی سیڤیل و مالوێرانی کردوون. لە ئێستادا تورکیا تاوانبارە و پ ک ک تەنها بیانووە. ئەگەر حکومەتەکەی ئۆردوغان بە بیانووی لە ناوبردنی پ ک ک ئەم ئۆپەراسیۆنە دەکات تەواو چەواشەکاریەو هەرکەس بڕوای بەمە هەبێت بێ ئاگایە لە سیاسەت و مێژووی تورکیا. تورکیا ئامانجی داگیرکاریەو بە دوای ئامانجی ئابوریەوە یە دەیەوێ دەست بەسەر وڵاتاندا بگرێ بۆ دۆزینەوەی بازارو دزینی سامانی ئەو وڵاتانە . هەرلەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیەوە ئەم هێرش وپەلامارانەی هەبووە تا ناوجەرگەی ئەورووپاو بەشێکی ئاسیاو ئەفریقای کۆنترۆل کردوە. حکومەتی نوێی تورکیا هێرش و پەلاماری بۆ سەر قوبرسی یۆنان و ئەرمینیا ولیبیا وسوریاش هەبووە بێ ئەوەی پ ک ک لەو وڵاتانەشدا هەبن هەر بۆیە تورکیا تاوانباری سەرەکیە ودەبێ بەرهەلستی بکرێت . ئەگەر تورکیا دەیەوێ پ ک ک وەک ئەو هێزە چەکدارە نەمێنێ دەتوانێ ئەو زەمینەیە نەهێڵێت کە پ ک ک ی دروست کردووە و ئەوکاتە پ ک ک ش نامێنێ تۆ هیچ مافێک بۆ خەڵکی کوردستان بەرەسمی ناناسیت وئەوکات پ ک ک وحیزب ولایەنی تر دروست دەبێ دژی تۆ رادەوەستێ . هەندێ لایەنی سیاسی وکەسایەتی بەرچاو تەنگ و ئایدیۆلۆژی گەرا لەوانەیە پێ یان وابێت ئێمە لەسەنگەری پ ک ک وە ئەم هەڵویستەمان هەیە هەروەک چۆن پێشتر هەمان هەڵوێستمان گرت دژی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەرغەزە پێیان ئەوتین ئێوە لەسەنگەری حەماس وجمهوری ئیسلامیدان، بەڵام ئەمانە قسەی پووچن و درۆی شاخدارن. بۆ ئێمە مرۆڤ ئەسڵە کێ دژایەتی مروڤ بکات و منداڵ وژن و گەنج وپیاوی بەتەمەن بکوژێ وبرسی بکات وئاوارەودەربەدەری بکات لە ماڵ و حالي خۆی دەرئ بکات ئەوە تاوانبارە لە قسەی ئەو بەرچاوتەنگ وئایدیۆلۆژی پەرستانەش ناترسین

*****



# چەند سەرنجێك

نووسینی: میرۆ عەبدولکەریم


چەند سەرنجێک–دەوڵەت لە تورکیا واتە دەوڵەتی تورک، نەتەوەییبوون واتە تورک بوون، زمان و کلتور واتە زمان و کلتوری تورکی، مێژوو و شارستانیەت واتە مێژوو و شارستانیەتی تورکی. بۆ ئەوەی ببیت بە ئەندامی "دەوڵەتی مەدەنی" لە تورکیا دەبێت پێشتر ببیت بە تورک یان تورکێندرابیت. لە تورکیا تەنیا یەک دانە نەتەوەپەرستی پیرۆزە ئەویش نەتەوەپەرستیی تورکیە و نەتەوەپەرستی یان خەباتی نەتەوەیی گەلانی دیکە و بگرە خەبات بۆ ئۆتۆنۆمیش بە ناوچەگەرایی و ڕەگەزپەرستی و دژایەتی نەزم و ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە قەڵەم دەدرێت. پەرەپێدان بە زمان، مێژوو، کلتور و ئیرادەی سیاسی خۆ دەربڕین بۆ پێکەوەژیانی هاوشانانە یان مافی جیابوونەوە بۆ گەلی کورد لە تورکیا وەک هەوڵی جوداخوازانەو ڕەگەزپەرستانە سەیرکراوە و سەیردەکرێت. –دەوڵەتی تورکیا دەوڵەتێک نییە کە بواری بۆ تەعبیر لە خۆکردنی سیاسی و کلتوری هیچ نەتەوە و گەلێکی دیکە لە تورکیا هێشتبێتەوە غەیری تورک. ئەم دەوڵەتە هەر لە ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیاوە لە ژێر ناوی چەواشەکارانەی یەکسانی لەبەردەم یاسا و نەتەوەپەرستیی مەدەنی و زانست– و پێشکەوتنخوازی هەوڵی سڕینەوەی ناسنامە و کلتوری گەلەکانی دیکەی نیشتەجێی تورکیا دەکات. لە هەموان زیاتریش کورد قوربانیی ئەم سیاسەتە بووە. کرانەوەیەکی کاتی گەر هەبوبێت بە ڕووی کورد و کەمینەکانی دیکەدا یان تاکتیکی کاتی بووە، یان فشاری دەرەکی بووە یان بۆ ڕازیکردنی ئەوروپا و بەمەبەستی ئەندام بوون بووە لە یەکیەتی ئەوروپا. یان وەک عەتا و کەرەمی نەتەوەی سەردەست سەیرکراوە و هیچ ویستێکی ڕاستەقینەی درێژخایەنی لە پشتەوە نەبووە بۆ تێپەڕاندنی ئایدۆلۆژیای دەوڵەت و تێپەڕاندنی کەمالیزم. –هەرکەس دەڵێت پەکەکە با بڕوات لە تورکیا خەبات بکات، پێشتر با خۆی بڕوات تورکیا بکات بە وڵاتێکی دیموکراتی کە جێی خەباتی هەمو هێزێکی تیابێتەوە ئینجا مافی ئەوەی هەیە داوایەکی وا لە پەکەکە بکات. با بڕوات هەموو ئەو یاسایانە هەڵوەشێنێتەوە کە خەباتی کوردی و کەمینەکانی دیکە دەدیوێنن و مۆری ڕەگەزپەرستی و ئاژاوەگێڕی و جوداخوازیی لە سەرەتاییترین مافی گەلان ئەدەن. بچێت هەمو ئەو زیندانیە سیاسیانە ڕزگار بکات کە بە مەدەنیترین شێوە خەبات دژی سەرکوت و چەوساندنەوەی کورد ئەکەن لە تورکیا، کەچی بە یاسا و دەستور تاوانبار دەکرێن و وەک دووژمنی نەتەوە و وڵات سەیردەکرێن. کەسانێکیش لە کوردستاندا نیۆ عوسمانیزم بڵاودەکەنەوە و پێیان وایە حیزبی ئاکەپە و ئەردۆگان چونکە ئیسلامین ئەوا باوەڕیان بە نەتەوەپەرستی نییە و سیاسەتیان بەرامبەر بە کورد جیاوازە، ئیسلامی بوون و نەتەوەپەرستی وەک دوو شتی ناتەبا و دژبەیەک سەیردەکەن، پێیان وایە کە ئەردۆگان موسوڵمانان وەک یەک ئومەتی یەکگرتو ئەبینێت و فەرقی کورد و تورک و فارس و عەرەب ناکات، باوەڕیان وایە تەنیا لە سایەی "ئومەتی یەکگرتوی ئیسلام"دا کورد و هەمو گەلانی ناوچەکە بە مافەکانیان دەگەن، دێن پەکەکە و هەدەپە تاوانباردەکەن بەوەی کە ڕێگربوون لە "پڕۆسەی ئاشتی "؛ پێیان بڵێن بیری ئیسلامییش وەک نەتەوەپەرستی بیرێکی مۆدێرنە و هاوشێوەی هەمان ئەو ئایدیا سیاسیانەیە کە لە چوارچێوەی دەوڵەت–نەتەوە دا کاردەکەن. هەر حیزبێک لە چوارچێوەی دەوڵەت نەتەوەدا کاری کرد، هەر ناوێک لە خۆی دەنێت با بینێت، کار بۆ بەرژەوەندی ئەو دەوڵەت– نەتەوە (باشترە بڵێین بەرژەوەندیی چینی دەسەڵاتداری ئەو نەتەوەیە) دەکات. نەتەوەپەرستی هەمووجار سێکولار نییە وەک ئەوەی ئیسلامیەکان دەیڵێن، بەڵکو نەتەوەپەرستی دەکرێت لە بەرگی دینیدا و لە ڕێگەی نەتەوەییکردنی دین و بە ئاینیکردنی نەتەوە و بۆرجوازی کردنی ئاینەوە شکڵ بگرێت. ئیسلام و هیچ ئاینێکی دیکە پێدراوێکی جێگیر نین، بەڵکو بەرهەمی پراکسیسی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکانن. بۆیە ئەو ئیسلامەی ئەمڕۆ ئیسلامیەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، تەنیا ناوەکەی لەگەڵ ئیسلامی سەدەکانی ناوەڕاستدا یەکێکە. ئیسلامی ئیسلامیەکان ئیسلامێکی بەنەتەوەیی و بە بۆرجوازی کراوە. خودی ئوممەی یەکگرتوی ئیسلامی درێژکردنەوەی بیری نەتەوەپەرستیە بۆ ئاین و وەها ئومەتێک نە لە مێژوودا بوونی هەبووە، نە خوازراویش بووە وە نە پیویستیش بووە و نە دەوڵەتی عوسمانی (پێش قۆناغی تەنزیمات) نە هیچ دەوڵەتێکی دیکەی موسوڵمانان لەسەر بناغەی ئوممەتی یەکگرتوو کاری کردووە. بیری دەوڵەت وەک ئامرازی سەپاندنی شەریعەت بیری سەدەکانی ناوەڕاست نییە، بەڵکو بیرێکی مۆدێرنە. خودی ئیسلامیەکان و حیزبە کۆنزەرڤاتیڤە عەلمانیەکان (کە موسوڵمانن) وەزیفەیان ئەوەبووە چەمکە دینیەکان بە نەتەوەیی بکەن و فیقهی ئیسلامی بە دامەزراوەیی و یاسایی بکەن و موجتەهیدەکان بکەن بە بیرۆکراتی دەوڵەتی. هەر کەس وتی موسوڵمانان لە مێژوودا خاوەنی یەک ئوممەت بوون و خاوەنی یەک شەریعەتی ڕەسمی یەکسانخواز بوون کە لەسەرانسەری قەڵەمڕەویەکدا چەسپاوە و لەلایەن هەمو ئاینزاو گەل و هۆزەکانەوە، وەک یەک پەیڕەوی لێکراوە یان گەمژەیە یان درۆ ئەکات. زۆر ئاساییە دڕندەترین شێوازی نەتەوەپەرستی لەلایەن هێزێکی ئیسلامیەوە پەیڕەو بکرێت و هەر کەس غەیری ئەمەی پێوتن نە لە نەتەوە و نەتەوەپەرستی تێگەشتوە نە لە ئاین و ئیسلامیش حیزبێکی وەک ئاکەپە لە فەنتازیای هەوادارانیدا هەرچیەک بێت، لە واقیعدا خۆشی بێت و ترشی بێت ناچارە دەبێت بەرژەوەندی نەتەوەیی تورکیا بپارێزێت کە لەسەر بناغەی نەتەوەپەرستیەکی ڕەگەزپەرستانە دامەزراوە. هەر کەس بەرگری لە ئاکەپە بکات بەرگری لە نەتەوەپەرستیەکی ڕەگەزپەرستانە دەکات. نەتەوەپەرستیەکەی ئاکەپە لەوەی کەمالیەکان خراپتریشە چونکە موتوربە کراوە بە پێشداوەریی دینیش.

*******

گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان رێک دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام، ڕیبوار حەمە شەریف



# شیعر:خالید بایەزیدی(دلیر)
# (اعتراف)

دڵم گیراوە

دەمەوێ بە پانایی ئاسمانی بەهاری بگریم

بەڵام قژی زەردو

چاوی شینم

دیواریکن بەرامبەر چاوە دەریاییەکانم

دە ترسم باوکم بڵێ:

کچەکەمتۆبۆچی؟

مەگەر ئاسیاییت

دەمەوێ دڵ لە دەریا بدەم وبڵێم:

نە!

نە!

ئامریکایم

بەڵام بەر لە هەموو شتیک ئینسانم

بابە!

ئینسانەکان

هەموویان فریشتە نین

ئیمەش فریشتە نین

سەدان ساڵە دەستان

بە خوینی منالان لە فەلەستین.

ئەفغانستان، عیراق، ئەفریقا، خویناوییە

لە برسان دەمرن

ئاواتە نەپشکووەکانیان سەردەبرین

بابە! ئێمە تاوانبارین

ئێمە گوناهکارین

بەشەکەی ئەوان دەخەینە ناو دەریا

مەگەر چاوی دەریا

جوانترو گەشترە؟

مەگەر دەریا برسیترە

یان منالانی فەلەستین،

ئەفغانستان، عیراق، ئەفریقا

کە هەرچی گەنمە دەیرژینە ناودەمی؟!

سەدان ساڵە دەستان

بەخوێنی رولەی هەزاران خوێناوییە

منالیک لە هەر گوشەی دونیا کە دەکوژری

منالیک لە هەرگوشەی دونیا کە لە برسان دەمری

گەلاڵەیەکی لە میژینەیە

لەسەر سەلیبی ژەنگاوی ئیمە

کە سەدان ساڵە لە دارشتنی داین

ئیستاش دەبێ چاوەروان بین

کە ئەم منالانە

کە ئەم برسیانە

بە هەڵپەرکێ وپیکەنینەوە

بەخۆشی وخوڕازندنەوە

بۆ تیروریستان چەپلە لێبدەن

بەڵام نیگای تورەیی باوکم

ئێزنم پی نادەن


کە بیدرکێنم

بابە!

ئیمە تاوانبارین

ئیمە گوناهکارین

******



# من' و نیشتمانم'

چوار وەرزی ساڵ،

بوکی سەرخوانی چەلادو

سواڵکەری بەردەرگای مزگەوت و،

کۆیلەی دەستی سیاسەتبازو

سەرەک دوو " خێڵی ئەکەن بێ کارە

ئەم نیشتمانە پڕ زێڕە

تەنهاو تەنها سەری دێرە !

قەشمەر جاڕی تیفی یەکانەو

چەند پێنووسێکی ملخواره ...

کێ نەزانە

لە ئامێزیا سوپەرمانە

کێ زانایە

ژێر چەپۆکی نادایە

عاشقانی ئێجگار کەمە

سەرانی وەکوو بەڵایە

سوک سەری وا لەئاسمان و

شکۆدار لەژێر چنگیانە

ئەم نیشتمانە پڕ زێڕەی

من ' هەمە ..

بۆخۆی وایە،

زێڕی بیست و چوار عەیارەوە

کە ئەیدزن خشپەی نایە !

لە دوژمان ئەتکی ڕوو زەردەکان"..

فەرشی سووری بۆ زاوا ڕێوی ڕادەخەن؛


ئای خودایە...

کۆدی ئەمخەمە لای کێیە و ؟

نیشتمانم ... بۆ وەهایە .

(خاڵە حەمە)

دانمارک/ڤالبی



# ئایا چین نموونەی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستییە؟

**وەرگێڕانی بەدەستکارییەوە لە ئینگلیزییەوە: توانا حەمە نوری**

بۆ ئەوەی لە چینی ئەمڕۆ بگەین، پێویستە شیکاری ئەو کۆمەڵگایە بکەین کە شۆڕشی ساڵی ١٩٤٩ی بەرهەم هێنا. نزیکەی ٧٥ ساڵ لەمەوبەر ئەو شۆڕشە گورزێکی گەورەی لە ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا دا، بەڵام مۆدێلی سەرمایەداری دەوڵەتی لە باوەش گرت.
زلهێزەکانی ئەورووپا لە سەدەی نۆزدەهەمەوە بەسەر چیندا زاڵ بوون. بەریتانیا، فەرەنسا، پورتوغال، نەمسا–مەجارستان و ئەڵمانیا هەموویان خاکیان لە چین "بەکرێ گرتبوو". لەوانە بەندەرە گرنگەکان، وەک هۆنگ کۆنگ، کە بەریتانیا لە ساڵی ١٨٤١ دوای شەڕێک لەسەر مافی فرۆشتنی تلیاک بە چین داگیری کرد. بۆ خەڵکی ئاسایی چین پێش ساڵی ١٩٤٩ بەربەری بوو. تێکڕای تەمەنی چاوەڕوانکراو لە ناوەڕاستی چلەکاندا بووە. زۆرجار ژن وەک "خزمەتکاری ماڵ" دەکڕدرا و دەفرۆشرا. پراکتیزەکردنی پێ بەستنەوە، کە ژنان بە توندی پێیەکانیان دەبەستەوە بۆ ئەوەی بەڕواڵەت سەرنجڕاکێشتر بن، ڕەنگدانەوەی ستەم بوو لەسەر ژنان. ئاغای جەنگ و سەرۆک هۆز و خاوەن زەوییە ڕکابەرەکان دەسەڵاتیان بەدەستەوە بوو. بەڵام پارتی شیوعی چین (CCP)لە 1ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٩ بە سەرۆکایەتی ماو تسی تۆنگ دەسەڵاتیان گرت. لە ساڵانی ١٩٥٠ ژیانی زۆرینەی خەڵکی ئاسایی چین باشتر بوو. زەوی دابەشکرا. هاوسەرگیری ساڵی ١٩٥٢ بەو مانایە بوو کە ژن وەک موڵکی مێرد نەدەبینران.
بەڵام شۆڕشی چین شۆڕشێکی سۆشیالیستی نەبوو – کە چینی کرێکار دەست بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا بگرێت و کۆمەڵگە بەڕێوەببات. کاتێک سوپای ڕزگاریخوازی گەلی CCPلە ساڵی ١٩٤٩دا ڕێپێوانێکیان بۆ ناو پەکین کرد، کرێکاران ڕیزیان لەسەر شەقامەکان گرتبوو بۆ پێشوازیکردنیان.
کرێکاران هیچ ڕۆڵێکی کارایان لە شۆڕشدا نەگێڕا و هیچ شتێکی سۆشیالیستی لەو دەسەڵاتەدا نەبوو کە شۆڕشەکە هێنایە سەر دەسەڵات. کرێکاران کارگە و فەرمانگەکانیان بەڕێوە نەبرد و جووتیارانیش گوندەکانیان کۆنترۆڵ نەکرد. سەرکەوتنی ماو دوای شەڕێکی ناوخۆیی درێژخایەن هات کە لە ساڵی ١٩٢٧ دەستی پێکرد، هێزە کۆمۆنیستەکان شەڕیان لەگەڵ کۆماری چین دەکرد کە لەلایەن پارتی ناسیۆنالیستی کۆمینتانگی ژەنەڕاڵ چیانگ کای شێکەوە بەڕێوەدەبرا.
لە ساڵی ١٩٣٧ەوە ئەو دوو هێزە هاوپەیمانیان کرد دژی ژاپۆن کە بەشێکی زۆری کەنارەکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی چینیان داگیرکردبوو. هێزی CCPگەشەی کرد و سوپای سووری CCPشەڕێکی سەرکەوتووی گەریلای دەستپێکرد.
کۆمۆنیستەکان پشتگیرییەکی بەرفراوانیان لە نێو جووتیارەکاندا بەدەستهێنا، کە تا ڕادەیەکی زۆر بەو شتانە دەژیان کە بەرهەمیان دەهێنا. CCPگۆڕانکاری کۆمەڵایەتی ڕاستەقینەی هێنایە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.
دوای ماوەیەکی کەم لە خۆبەدەستەوەدانی ژاپۆن لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم لە ساڵی ١٩٤٥، شەڕ لە نێوان CCP و حکومەتی کۆمیتانگ دەستیپێکردەوە. بەڵام دوای ١٩٤٥ CCPهێزێکی گەورەتر بوو لە شەڕەکەدا. شەڕی ساردی نێوان ئەمریکا و ڕووسیا دەستی پێکردبوو. ئەمریکا بێهیوا بوو لە وەستاندنی دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکان لە چین، لە ترسی ئەوەی لەگەڵ ڕووسیا هاوتەریب بن.
ئەمریکا بە بەهای ملیۆنەها دۆلار هاوکاری و چەکی دایە حکومەتی کۆمینتانگ. بەڵام کۆمینتانگ و بەرپرسانی حکومەت نەیاندەتوانی شەڕەکە لە کۆمۆنیستەکان ببەنەوە. شیوعیەکان بەردەوام بوون لە بەدەستهێنانی پشتیوانی جوتیاران. لە ساڵی ١٩٤٥ ڕووسیا ئەو بەشانەی باکووری چینی پێدان کە لە ژاپۆن دەستی بەسەردا گرتبوو. ئەوەش ناوچە گوندنشینەکانی زیاتری خستە ژێر کۆنترۆڵی کۆمۆنیستەکانەوە. ناسیۆنالیستەکان لە هەندێک پارێزگادا تا ساڵی ١٩٥٠ خۆیان ڕاگرت. کۆمینتانگ ناچار بوو پاشەکشە بکات بۆ دوورگەی تایوان.
حزبی کۆمۆنیستی چین لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا لەلایەن کۆمەڵەیەکی بچووکی چالاکوانی سۆشیالیستییەوە دامەزرا، لەنێویاندا ماو. لەو کاتەدا ئەوان دەیانگوت چینی کرێکاری بچووک، بەڵام بەهێزی چین هێزی ئەوەی هەیە گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانە بەڕێوە ببات. شەپۆلێکی مانگرتنی کرێکاران لە ساڵی ١٩٢٥دا شارەکانی گرتەوە.

لە ١ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٩ ماو تسیتۆنگ وەک سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی چین (CCP)دامەزراندنی کۆماری گەلی چینی ڕاگەیاند. ماو ڕایگەیاند، "گەلی چین خۆڕاگرن!". "زیاتر لە سەدەیەک لە ژێردەستەیی ئیمپریالیستی کۆتایی هات و پڕ دانیشتووترین وڵات دوای دەیان ساڵ لە دابەشبوون یەکی گرت." هەرچەندە لە ڕژێمی پێشوو دیموکراتیکتر نەبوو، بەڵام پارتی کۆمۆنیستی چین لەگەڵ ئەوەشدا کەمتر لە خەڵک دوور بوو.
ئامانجی ماو گەیشتن بە خۆبژێوی ئابووری بوو – نەک ڕزگارکردنی کرێکاران لە کاری کرێگرتە. شۆڕشی چین کرێکارانی بە دەسەڵات نەگەیاند و حکومەتی کرێکاری دانەمەزراند. کرێکاران و جوتیاران شورای خۆیان دانەمەزراند بۆ بەڕێوەبردنی کارگە و گوندەکان. نایەکسانی نێوان شار و گوند بەردەوام بوو، چونکە دەسەڵاتداران کشتوکاڵیان قۆستەوە بۆ سووتەمەنی پیشەسازی. ماو و CCPخاوەندارێتی بەرهەمهێنان و گواستنەوەیان لە کەرتی تایبەتەوە گواستەوە بۆ دەوڵەت بەمەش نمونەی ڕووسیایان کۆپیکرد.
بیرۆکەی "پشتبەستن بەخۆ" کلیلی سیاسەتە ئابوورییەکانی ماو بوو، چونکە ئامانجی بەهێزکردنی چین بوو لە ڕێگەی گەشەی سەرمایەداری نێودەوڵەتی؛ پیشەسازیکردنی خێرا لە ڕێگەی چەوساندنەوەی کرێکاران بۆ بەرهەمهێنانی ئابوورییەکی خۆبژێو کە توانای ڕکابەریکردنی لەگەڵ ڕۆژئاوا هەبێت.
ئەو تەوەرەی کە بە هەموو گەشەسەندنی ئابووری و سیاسی چینی ماودا دەڕوات، هەوڵی دەسەڵاتدارانی نوێی چین بۆ هاندانی خەڵک بوو بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی ئابووری–سەربازی بەهێز، بەڵام بناغەکەی کشتوکاڵێکی دواکەوتوو بوو.
تا ساڵی ١٩٥٨، CCPدەستی کرد بە پاڵنانی جووتیاران بۆ ناو 'کۆمەڵگەی گەل'ی بەرفراوان کە تا ٣٠ هەزار کەسی تێدابوو و ماو ئەمەی ناونا "بازدانێکی گەورە بۆ پێشەوە".

حزبی کۆمۆنیستی چین بەدوای هەرچی فراوانترکردنی پیشەسازی بوو. بۆ ئەمەش کاری چڕی بەسەر جووتیاراندا سەپاند؛ جووتیاران شەو و ڕۆژ کاریان دەکرد، تا گەیشتە ١٨ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا. بەشێکی گەورەی زیادبوونی بەرهەمی کێڵگەکان بۆ چڕییەکی زۆری کار دەگەڕایەوە. ژن و پیاو و بەساڵاچوو و منداڵان شەو و ڕۆژ بەشدارییان دەکرد.
بەرنامەکە لە کاری بە کۆمەڵ بوو بە برسێتی بەکۆمەڵ؛ تا ساڵی ١٩٦١ نزیکەی ٣٠ ملیۆن کەس بەهۆی برسێتییەوە گیانیان لەدەستدابوو. دەیان ملیۆن کەس بە خواردنی چیمەن و گەڵا و تویکڵی دار دەژیان.
ماو نەیتوانی گەشەی ئابووری چین بەرەو پێشەوە ببات. ئەوەبوو لەلایەن CCPپەراوێزخرا، بەڵام سەرکردایەتی هیچ بەدیلێکی نەبوو بۆ ستراتیژی پیشەسازیکردنی خێرا. دواتر ماو کۆنترۆڵ CCPی کردەوە، لە ساڵی ١٩٦٦ شۆڕشی کلتووری ڕاگەیاند. نەیارەکانی لەناو CCP دوورخستەوە، بەڵام نەیتوانی لە قەیرانە دووبارەبووەکان ڕزگاری بێت. دەوڵەتی ماوی دەبوو لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ڕکابەری دەوڵەتە سەرمایەدارییەکانی دیکە بکات و بەم شێوەیە بەردەوام بوو لە چەوساندنەوەی خەڵکەکەی.
ماو لە ساڵی ١٩٧٦ ژیانئاوایی کرد، دواتر دێنگ شیاوپینگ دەسەڵاتی گرت و لە کانوونی دووەمی ١٩٧٨ تا تشرینی دووەمی ١٩٨٩ سەرکردایەتی چینی کرد.
شیاوپینگ ڕێگەی دا بازاڕ پەرە بسێنێ و ئابووری زیاتر دینامیکی و سەرمایەدارتر کرد. چەوساندنەوە بۆ بەرزکردنەوەی قازانج زیادی کرد و هانی بازرگانی تایبەت درا.
بەڵام ستراتیژی نوێ توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی چینی لەوە زیاتر نەبوو کە ماو هەیبوو. تا ساڵی ١٩٨٩ چین لە قەیرانی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا بوو. پیشەسازییە گوندنشینەکان داخران و ملیۆنەها کرێکاریان لە کار دەرکرد و حکومەتە ناوخۆییەکان نەیاندەتوانی پارەی بەرهەمی جوتیاران بدەن.
چین لە ساڵی ١٩٤٩ لەسەر مۆدێلی ڕووسیای ستالینیزم دامەزرا و تا ئێستاش بە سەرمایەداری دەوڵەتی ماوەتەوە. ڕێگەدان بە بازرگانی تایبەت و بەرهەمهێنانی بەرفراوان بۆ پێشبڕکێی نێودەوڵەتی، چینی کرد بە پایتەختی جیهانی ملیاردێرەکان؛ ئێستا ٨١٤ ملیاردێر لە چیندا هەیە. چین بەردەوامە لە پڕۆژە بێ سنوورەکان، دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگاکانەو هەوڵدەدات کاریگەری ئابووری چین فراوان بکات. چین لەلایەن حکومەتێکی ناوەندی بەهێزەوە فەرمانڕەوایی دەکرێت. حکومەت ڕێگەی بە ئازادی ئابووری داوە، بەڵام ڕیگە بە ئازادی سیاسی و بیروڕا و ڕۆژنامەگەری نادات.

لەولاشەوە کرێکاران بەردەوامن لە خەباتکردن. مانگرتنەکان لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٢٢ لە کارگەی ئایفۆنی فۆکسکۆن لە ژێنگژۆ بەهۆی دواکەوتنی مووچەکانیان ئەوە نیشان دەدات کە کرێکاران دەچەوسێنرێنەوە. کرێکاران لە چەوساندنەوەی خۆیاندا پاسیڤ نین و مێژووی چین دەریدەخات تەنها کرێکاران دەسەڵاتی هێنانەدی شۆڕشێکی سۆشیالیستییان هەیە.

ئابووری ئێستای چین کە بە شێوەیەکی سەرەکی ئابووری بازاڕە، پلەیەکی بەرزی نایەکسانی تێدایە. بەڵام پێش ئەوەی چین لە ساڵی ١٩٧٨دا سیاسەتی چاکسازی و کرانەوە جێبەجێ بکات، شێوازی دابەشکردنی داهاتەکەی لە زۆر ڕووەوە لە ئێستا یەکسانتر بوو.

هەموو کەسێک سوودی لە گۆڕانکاری ئابووری لە چیندا نەبینیوە. ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر کەم بە باشی دەژین. بەپێی ئامارەکان لە ساڵی ١٩٨١ لەسەدا ٨٨,١ ی چینییەکان بە کەمتر لە یەک دۆلار و ٩٠ پێنس لە ڕۆژێکدا ژیاون. ئاستی نایەکسانی داهات لە ناو وڵاتێکدا بە پێوەری جینی دەپێورێت. سەروو ٤٠ واتە نایەکسانی بەرزە. لە ساڵی ٢٠٢١ ڕێژەی نایەکسانی چین ٤٦,٦ بووە. بە بەراورد بە ٣٤,٤ بۆ بەریتانیا و ٣٧,٥ بۆ ئەمریکا. نزیکەی ٧,٢ ملیۆن لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین.

لەگەڵ زیادبوونی دابەشبوونی دەوڵەمەند و هەژار لە چین، بەڵگە زۆرە لەسەر زیادبوونی دابەشبوونی شار و لادێش. خەڵکی دەوڵەمەند زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی چین یان لە شارەکانی وەک پەکین یان شەنغهای دەژین. لە ساڵی ٢٠١٣، تێکڕای داهاتی ساڵانەی خێزانە شارییەکان ٢،٨١ ئەوەندەی داهاتی خێزانە لادێییەکان بووە. لە ساڵی ٢٠٢٠ ئەمە بە ڕێژەیەک کەمبۆتەوە. خێزانە شارییەکان ٢,٥٥ جار داهاتی خێزانە لادێییەکانیان هەیە.

کرێکارانی چین مافی ئەوەیان نییە خۆیان ڕێکبخەن لە سەندیکای سەربەخۆ. مافی ماگرتن لە دەستووردا لە ساڵی ١٩٨٢ لابرا و تەنها یەک سەندیکاش حکومەت بەڕەسمی دانی پیاناوە ئەویش فیدراسیۆنی سەندیکاکانی کرێکارانی سەرتاسەری چین (ACFTU)کە لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی چینەوە کۆنترۆڵ دەکرێت. لە کۆتاییا ئەوە ماوە بوترێ چین وڵاتێکی سێکولارە. ئەندامانی حیزبی کۆمۆیستی چین نابێ هەڵگری هیچ بیروباوەڕێکی ئایینی بن. حیزبی کۆمۆنیستی چین نزیکەی ٩٩ ملیۆن ئەندامی هەیە.

❋❋❋❋❋❋



# دیموکراسی: لێکدانەوەکان و واقعیەت

## چاوپێکەوتنی مەنسور حیکمەت لەگەڵ ئینتەرناسیۆناڵ

**بەشی دووەم**

**ئینتەرناسیۆنال: دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەم جیاوازییانە. بە تایبەتی جێگای خۆیەتی دەربارەی دیموکراسی ڕۆژئاوا و پەرلەمانی و لیبراڵی بدوێین. بەڵام لە سەرەتاوە چاکترە بچینە سەر ئەو "ناوەڕۆکە هاوبەش و بابەتییە"ی کە وتت بە هەر حاڵ لەپشتی هەموو تێڕوانینەکانەوە بۆ دیموکراسی لە ئارادایە. ئەمە چۆن پێناسە دەکەیت؟**

**مەنسوور حیکمەت:** لێرەدا دەتوانین ئاماژە بۆ چەند پێکهێنەرێک بکەین. بێگومان لێرەدا ناکرێ لەوە زیاتر قسەی لەسەر بکەین. دیموکراسی بە مانای حوکوومەتی خەڵکی تێڕوانینێک بوو کە لە سەدەی ١٨و١٩دا لە بەرامبەر حوکوومەتە پاشایەتییە ڕەهاکان و ئەو حوکوومەتانەدا هاتە مەیدان کە لەسەر بناغەی پاشایەتی و کڵێسای دیانەکاندا دامەزرابوون. لە بەرامبەر حوکوومەتەکانی ئەو کاتەدا کە لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە شەرعییەت و دەسەڵاتیان لە سەرچاوەیەکی سەرووی خەڵک و کۆمەڵگەوە سەرچاوەی دەگرت، بۆرژوازی ڕوو لە گەشە، کۆمەڵانی خەڵک و خێرخوازە کۆمەڵایەتییەکان خوازیاری دەوڵەتێک بوون کە لە خەڵکەوە هەڵقوڵابێ. هەڵبەتە ئەم خواستە خۆی زۆر ناڕۆشنە، هەر وەک خەبات و تێکۆشانەکانی دوو سەدەی دواتر تا ئەمڕۆش بە ڕوونی نیشانی داوە. یەکەم، شێوەی عەمەلیی دەخاڵەتی خەڵکی لە دەسەڵاتی سیاسی و دەوڵەتدا دەبێ چۆن بێت، دووەم، چەمکی "خەڵک" چ کەسانێک دەگرێتەوە. تا ئەم سەردەمەی ئێمەش، بەشێکی زۆر و لە هەندێ شوێندا تەنانەت زۆربەی مرۆڤەکان، وەک ژنان، ڕەشپێستەکان، کۆچکردووان و کەسانی تر لەم یان لەو دەوڵەتی دیموکراسیدا بە بەشێک لە "خەڵک" نەژمێردراون. زۆر لەمێژ نییە کە مرۆڤی کرێگرتە (کرێکار) لە ڕوانگەی پرۆسەی دیموکراتیکەوە بە بەشێک لە خەڵک دانراوە. ئەم دوو مەیدانە هەردووکیان، واتە پێکهاتەی حوکوومەت و پەیوەندیی عەمەلیی خەڵکی لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەتیدا و ئەوەی کە تا چ ڕادەیەک ئەم دیموکراسییە توێژە جیا جیاکانی خەڵک دەگرێتەوە، مەیدانی سەرەکیی خەباتی سیاسی بوون و لە ئەنجامی ئەم خەباتەدا، سیمای عەمەلی دیموکراسی لە خودی کۆمەڵگەی ئەورووپا و ئەمەریکادا تا ڕادەیەکی زۆر ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. بەڵام بە هەر حاڵ واقیعەتێکی بابەتی لە چەمکی دیموکراسیدا هەیە و ئەویش ڕەتکردنەوەی ئەو دەسەڵاتدارێتییەیە کە تیایدا سەرچاوەی دەسەڵات بگەڕێتەوە بۆ سەروو کۆمەڵگە، وە یان کەس نەزانێت لە کوێوە هاتبێت. لە ڕوانگەی دیموکراسی و بیرکردنەوەی دیموکراتیکەوە، نە تەنها زۆری شمشێر و بە میراتگرتنی خانەدانی و پێغەمبەرایەتی و ئیمامەتی و شتی وا لە باب و باپیرانەوە وەکوو سەرچاوەی دەسەڵاتی سیاسی شتێکی ناڕەوایە، بەڵکوو دەسەڵاتێکیش کە نەتوانرێ وەلا بنرێ بە شێوەیەکی گشتی تەنانەت ئەگەر خۆشی لە سەرەتاوە لە هەڵبژاردنەوە سەرچاوەی گرتبێت، بە نادیموکراتیک دەژمێردرێت. بە واتایەکی تر بیروباوەڕی دیموکراتیک و ڕژێمی دیموکراتیک، لە هەر شێوەیەکیدا بێت، دەسەڵاتی دەوڵەتی بەوە دادەنێ کە لە خەڵکەوە هەڵقوڵابێت، وەڵام بە خەڵکی بداتەوە و بە هەر شێوەیەک بێت لە توانادا بێت کە لە لایەن خەڵکەوە بگۆڕدرێت. جا ئەوەی کە ئەم بانگەشەیە لەم یان لەو ڕێبازی دیموکراسیدا و لەم یان لەو دەوڵەتدا چەندە پوچ وەیان واقیعییە مەسەلەیەکی ترە. هەر جۆرە لێکدانەوەیەکی دیموکراسی بە هەر حاڵ خوازیاری جۆرێک لە پرس پێکردنی ڕای خەڵکە لە مەسەلەی دیاریکردنی دەوڵەتدا. دووەم و لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە دیموکراسی و دیموکراسیخوازی خۆی لە خۆیدا لەبەرامبەر پێکهاتی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە ئابوورییەکاندا کوێرە. بە واتایەکی تر، هەلومەرجی ئابووریی مەوجود، دەوری دەوڵەت، جێوشوێنی مرۆڤەکان لە بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی موڵکایەتیدا، دابەشبوونی خەڵکی بۆ توێژ و چینە جیاجیاکان و شتی لەم بابەتە، دامودەزگا سیاسی و ئیدارییە مەوجوودەکان، لە ڕوانگەی دیموکراسی و دیموکراتیزمەوە هەر ئەوەیە کە لە ئارادایە. بۆ نموونە تێکۆشان بۆ هەڵوەشاندنەوەی مەرجی خاوەندارێتی لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا، بزووتنەوەیەکی دیموکراتیکە، بەڵام خودی خاوەندارێتی و پەیوەندی بەشە جیاجیاکانی خەڵک لە پەیوەند بە خاوەندارێتییەوە جێگەی پرسیار نییە. لە ڕوانگەی دیموکراتیکەوە دەکرێ خوازیاری ئەوە بیت کە ژنانیش لەو سوپا سەربازییەی ئەمەریکادا کە بۆ کەنداو نێردرا بەشداری بکەن و لە هەمان کاتدا هیچ هەقیشت بەسەر دەور و جێگای ئەم سوپا و ئەم ئۆپەراسیۆنەوە نەبێت، وە یان لەبەرامبەر ڕێکخراوی "سیا"دا ناڕەزایەتی دەرببڕی، کە بۆچی بە ئەندازەی پێویست سوورپێستەکان لە ئۆرگانەکانی سەرەوەیدا نییە. دابەشکردنی خەڵکی بۆ شیعە و سوننی و دیان و پاشان بۆ نموونە، داواکردنی ئەوەی کە دەوڵەتێک لە لوبنان دامەزرێت کە ئەم "توێژانە" هەموویان تیایدا بەشدار بن، جا هەر چەندە مرۆڤەکان بکا بە گژی یەکتردا، بەڵام هەڵوێستێکی دیموکراتیکە. بۆ نموونە دیموکراسیی پیشەسازی، بەش بە حاڵی خۆی لەبەرامبەر ئەو دەسەڵاتانەی کە بۆ یەکێتییە کرێکارییەکان داوای دەکات، دابەشبوونی خەڵکی بۆ کرێکار و خاوەنکار وەک پێشفەرزێک وەردەگرێت و لە سیستەمی خۆیدا وەک شتێکی ئەبەدی چاوی لێ دەکات.

بەم جۆرە ئەوە ئاشکرایە کە لەبەرچاونەگرتنی پەیوەندییە ئابوورییەکان و دابەشبوونی خەڵکی بۆ چینە جیاجیاکان لە کۆمەڵدا، بەو مانایە نییە کە دیموکراسی تەنها لە چوارچێوەی سیاسیدا دەمێنێتەوە و دیموکراسیخوازی تەنها مەسەلەیەکی سیاسییە. بەڵکوو بە پێچەوانەوە، بەو مانایەیە، کە گشت بنەما ئابوورییەکانی ئەم کۆمەڵگەیەی ئێستا، واتە خاوەندارێتی بۆرژوایی و بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بە هەموو ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکەیەوە، لە لایەن ئەم بیروباوەڕ و ئەم بزووتنەوانەوە وەرگیراوە و بووەتە بنەمای کۆمەڵایەتیی دیموکراسی. دیموکراسی ڕژێمێکی سیاسی، وە یان داواکردنی ڕژێمێکی سیاسییە، لەسەر بنەمای ئابووری-کۆمەڵایەتیی سەرمایەداری. چ لە ڕووی تیۆرییەوە و چ لەڕووی واقیعییەتی مێژووییەوە، داواکردنی دیموکراسی بەمانای داواکردنی "سەرمایەداریی دیموکراتیک".

بە کورتی، ناوەڕۆکی هاوبەش و بابەتی دیموکراسی و دیموکراسیخوازی ئەوەیە کە لە هەر سەردەمێکدا، بە فەرزوەرگرتن و لەسەر بناغەی لە ئارادابوونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری و باڵادەستیی ئابووری، سیاسی و فیکری چینی بۆرژوا، خوازیاری ئەوەیە کە پایەی فۆرماڵ و حوقووقیی دەسەڵاتی سیاسی بەشێکی هەرچی زیاتر لەو توێژ و بەشانە بگرێتەوە کە لەو کۆمەڵگەیەدا هەیە. لەڕووی عەمەلییەوە دیموکراسی ئەو دەستەواژەیەیە کە توێژێک وەختێ بیەوێ ناڕەزایەتی دەرببڕێ بە مەحرومبوونی قانوونی، وە یان دوو لایەنەی خۆی لە مافی بەشداریکردن لە پرۆسەی بڕیارداندا، بزووتنەوەی خۆی پێ ناو دەبات. بە ڕای من سیفەتی هاوبەش و گشتیی دیموکراسی لەمە زیاتر نییە.

دیموکراسی خۆی بۆ خۆی هەلومەرجێک یان ڕژێمێکی سیاسی و دەستوورێکی دیاریکراو و سنووردار بە تاکەکەسەوە نییە، بەڵکە بزووتنەوەیەکی هەمیشەیی توێژە پشتگوێخراوەکان بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافانەی کە ئەوانی تر هەیانە لە بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسیدا. هەروەها ناوەڕۆکی دیموکراسی و دیموکراتیزم سەرەنجام پەیوەندی بەوەوە هەیە کە لە چ توێژێکەوە لە چ کۆمەڵگەیەک و لە چ هەلومەرجێکی سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆرژوازیی تایبەتی (خسووسی) لە کێشەی لەگەڵ بیرۆکراسیی ئیداری و پیشەسازیی دەوڵەتی لە بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا لە زمانی قسەکەرانییەوە لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا، خوازیاری ئەوەیە کە بواری ئەوەی هەبێت کە لە دەسەڵاتی سیاسیدا بەشداری بکات و ناوی بزووتنەوەکەی خۆی چ لە ڕۆژئاوا و چ لە خودی ڕۆژهەڵاتدا ناو دەنێت دیموکراسیخوازی. ڕەشپێستی ئەفریقای باشووریش خوازیاری مافی بەشداریکردنی یەکسانە لە هەڵبژاردندا، ئەویش دیموکراسی دەوێت. وەلێ ئاسۆ و ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دوو بزووتنەوەیە لەگەڵ یەکتردا زۆر جیاوازن.

**درێژەی هەیە...**



# سالار سۆفی: بارودۆخی هەرێمی کوردستان، بە یەکێك لە قۆناغە هەرە ناجێگیرەکانی مێژووی خۆیدا تێدەپەڕێت...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەل هاوڕێ سالار سۆفی نووسەر و وەرگێر و مامۆستای زانکۆ لە فینلاند سەبارەت بە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان...

**بۆپێشەوە: سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوای چوار مەرسوم بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمان، پێنجەم مەرسومی بۆسازدانی هەڵبژاردنی هەرێم لە بەرواری ٢٠/١٠/٢٠٢٤ دەرکرد، سەرەتا چۆن دەڕوانە ئەو هەموو مەرسومانە و دواتر دەپرسین، ئایا هیچ زەمانەتێک هەیە هەڵبژاردن لەو کاتەدا بکرێت؟**

**مانەوەی هەرێمی کوردستان لە بۆشاییەکی یاساییدا، لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتی ناوەندیی عێراقیش و هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیاشە. دواخستنی چەند جارەی هەڵبژاردنیش، بەشێکە لە فشاری ئەوان بۆ کزکردنی هەرێمی کوردستان و پلانی ڕاستەوخۆی ئەوان بۆ مانەوەی هەرێمی کوردستان لەو بۆشاییە سیاسییەدا...**

**سالار سۆفی:** دەرکردنی ژمارەیەک مەرسوومی یەک لەدوای یەک دەربارەی هەمان بابەت، ژمارەیەک ئاماژەی لێ دەخوێندرێتەوە. لەپێش هەر شتێک ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بارودۆخی هەرێمی کوردستان، بە یەکێک لە قۆناغە هەرە ناجێگیرەکانی مێژووی خۆیدا تێدەپەڕێت. ئاماژەیە بۆ هەوڵی گۆڕانکاریی گرنگ لە گۆڕەپانی سیاسیی هەرێمی کوردستان و پەیوەندیی بە ناوەندەوە، لەلایەن هێزە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکانەوە، بەتایبەتیش لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە، کە جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆی بە دەوڵەتی ناوەندیی عێراق سپێردراوە. ئاماژەیە بە ویستی لەمێژینەی هەڵگرانی بیروڕای شۆڤێنیزمی عەرەبی، بۆ لەناوبردنی هەر ئاستەنگێک، لە بەردەم جێبەجێکردنی ئەو بیرە شۆڤێنیستییە و کپکردنەوەی هەر هەوڵێک لە دەرەوەی بەرنامەی خۆیان. ئاماژەیە بە کێشەی قووڵی نێوان هێزە سەرەکییە کوردییەکان و بێمتمانەییان بەرانبەر بە یەکتر. ئاماژەیە بەوەی کە هەرێمی کوردستان، وەک لاشەیەکی بریندار، بەدوای ڕووداوەکاندا ڕادەکێشرێت و کاریگەرییەکی ئەوتۆی، لەسەر ئاراستەی ڕووداوە چارەنووسسازەکانی ناوخۆی خۆیشیدا نەماوە. بەکورتی؛ ئاماژەیە بە لەرزۆکی و بێسەروبەری و قەیرانی قووڵی کۆی سیستەمی سیاسیی هەرێمی کوردستان.

تا ئەو کاتەی ئەم هۆکارانەی سەرەوەش مابن، هیچ دڵنیاییەک نییە و نابێت لەوەی کە هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا بکرێت و لە بارودۆخێکی لەم جۆرەدا، هەمیشە ئەگەری سەرهەڵدانی ئاستەنگی تر لە ئارادایە.

**بۆپێشەوە: مەرسومی ئەمجارەی سەرۆکی هەرێم دوای بێنەو بەردەیەکی زۆر و سەردانی بەغداو پاشان ئێران دەکرا، چۆن دەڕوانە رۆڵی ئێران و وڵاتانی ناوچەکە لە پەیوەند بەهەڵبژاردنەکانەوە؟**

**سالار سۆفی:** بێگومان وڵاتانی ناوچەکە کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ئاشکرایان لەسەر بارودۆخی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە هەیە. مانەوەی هەرێمی کوردستان لە بۆشاییەکی یاساییدا، لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتی ناوەندیی عێراقیش و هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیاشە. دواخستنی چەند جارەی هەڵبژاردنیش، بەشێکە لە فشاری ئەوان بۆ کزکردنی هەرێمی کوردستان و پلانی ڕاستەوخۆی ئەوان بۆ مانەوەی هەرێمی کوردستان لەو بۆشاییە سیاسییەدا. خۆ ئەگەر هەڵبژاردنیش بکرێت، هەر یەکێک لەو وڵاتانە، هەوڵ دەدەن پێشمەرج و ویست و داخوازییەکانی خۆیان بسەپێنن.

**هەرێمی کوردستان بە ئاشکرا دابەش بووەتە سەر دوو ناوچەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەر یەك لە ئێران و وتورکیا. ئەو ناوچانەی پێشتر پێیان دەوترا ناوچەی زەرد و سەوز، ئێستا بە کردەوە ناوچەی درێژکراوەی دەسەڵاتی تورکیا و ئێرانن و حزبە کوردییەکانیش ڕێخۆشکەر و جێبەجێکەری ویستەکانی ئەوانن ...**

ئێستا هەرێمی کوردستان بە ئاشکرا دابەش بووەتە سەر دوو ناوچەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەر یەک لە ئێران و وتورکیا. ئەو ناوچانەی پێشتر پێیان دەوترا ناوچەی زەرد و سەوز، ئێستا بە کردەوە ناوچەی درێژکراوەی دەسەڵاتی تورکیا و ئێرانن و حزبە کوردییەکانیش ڕێخۆشکەر و جێبەجێکەری ویستەکانی ئەوانن. ئەم بارودۆخەش دەمانگەیەنێتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەگەر هەڵبژاردن بکرێت، هەر یەکێک لەو دوو دەوڵەتە هەوڵ دەدەن بە هەر جۆرێک کە پێیان بکرێت، پشتیوانی لە حزبی دڵخوازی خۆیان، کە مەرامەکانیان جێبەجێ دەکات، بکەن. ئەمە جگە لەوەی کە ئێران لە ڕێگەی دەوڵەتی ناوەندیی عێراقیشەوە، کاریگەریی زیاتری لەسەر هەڵبژاردن و وردەکارییەکانی دەبێت. لە هەموو بارێکدا، سەرجەم ئەو دەوڵەتانەی باسمان کردن و تەنانەت ئەمریکاش، ناهێڵن ئەنجامی هەڵبژاردن لاسەنگ بێت و هیچ حزبێک بە تەنها زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی پێ ببڕێت، بۆ ئەوەی بواری یاریی پەتپەتێنی سیاسیی لە دەست نەدەن و هەمیشە کارتی هەڕەشە لە هەر یەکێک لە حزبەکانی دەسەڵات، لە دەستی خۆیان بهێڵنەوە.

**بۆپێشەوە: هەموو حزب و لایەنە سیاسیەکان هەڵبژاردن بە تاکە ڕێگای چارەسەری کیشەکانی ناوخۆی هەرێم دەزانن، چۆن دەڕواننە ئەو بۆچوونە؟**

**سالار سۆفی:** حزبە کوردییەکان بەگشتی پێویستییان بە شەڕی هەڵبژاردن هەیە. مەبەستی ئەوان لە هەڵبژاردن، بە هیچ شێوەیەک پەیوەندیی بە تامەزرۆییان بۆ کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی نییە، هەمووان دەزانن هیچ هەڵبژاردنێک بەبێ فێڵ و گزی نەبووە و هیچ ئەنجامێکیش ئەنجامی ڕاستەقینە نەبووە. تاکە مەبەستی حزبەکان لە هەڵبژاردن، تەنها لەپێناوی بەدەستهێنانی ئەنجامێکی باشتریش نییە، بەڵکو هۆکارێکی گرنگی پێویستیی ئەوان بە هەڵبژاردن، پەیوەندیی بە جۆشدان خۆشخەیاڵ کردنی ئەندام و لایەنگرانی خۆیان و هێنانەسەرخەتی ئەو ئەندامانەیانن کە لە سیاسەتە نادروستەکانیان بێزار بوون و بەدوای دەرچەیەکی تردا دەگەڕێن. حزبەکان پەیمانی تێپەڕاندنی قەیرانەکانیان و بەدیهێنانی ئاواتەکانیان دەدەن، بەڵام دەستکەوتەکانیان لە باشترین باردا، گەرمکردنەوەی ئەو دروشم و پەیمانە کۆنە ڕزیو و گەنیوانەیە کە ساڵانێکە دەرخواردی گەلی دەدەن. حزبەکان هەڵبژاردن وەک تاکە ڕێگای چارەسەر دەخەنە ڕوو، چونکە نایانەوێت خەڵک دوور لە ڕوانگە و چارەسەرە نەزۆکەکانی ئەوان بەدوای چارەسەری بنەڕەتی و سەربەخۆیانەی خۆیاندا بگەڕێن و کۆت و بەندی کۆیلەیی لە دەست و پێی خۆیان بکەنەوە.

**بۆپێشەوە: وەکو ئاشکرایە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم لە بەرامبەر بە دەسەڵاتی بەغدادا، پاشەکشەی زۆری کردووە تا ئەو ڕادەیەی سەرانی حزبەکان نایشارنەوە، کە قەوارەی هەرێم لە بەردەم مەترسیدایە، ئایا هەڵبژاردن دەتوانێت وەڵامدەرەوە بەو دۆخە بێت، بەر بە مەترسیەکانی دەسەڵاتی ناوەند بەسەر هەرێمدا بگرێت؟**

**سالار سۆفی:** هیچ دوودڵییەک لەوەدا نییە کە قەوارەی هەرێمی کوردستان لە مەترسییەکی ڕاستەقینەدایە، بەڵام سەیر لەوەدایە کە هەر ئەو حزبانەی ئەو هۆشدارییە دەدەن، خۆیان هۆکاری ئەو مەترسییەن و زیاتر لە ٣٠ ساڵە دەسەڵاتی ئەم هەرێمە و چارەنووسی خەڵکەکەیان بەدەستەوەیە و سیاسەتێکی چەوتی خۆکوژی لە خزمەتی گەشەکردنی ئەو مەترسییە هەمەلایەنییە پەیڕەو دەکەن. لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە پێمان وا بێت، دەکرێت بە هەڵبژاردنەوەی هەمان ئەو حزبانە

یـــان بێچوو و لق و پۆپەکانیان، ئەو مەترسییانە بڕەوێنینەوە کە خۆیان هۆکاری یەکەم و بنەڕەتین تێیاندا و دەیان ساڵە بێهودە تاقی دەکرێنەوە.

**بۆپێشەوە: لە پێنج خولی هەڵبژاردنەکانی هەرێمدا، دەستاو دەست پێکردنی دەسەلات روینەداوە هەرێم هەر دابەشی دوو زۆنی و دوو دەسەڵاتە" پارتی و یەکێتی" لاتان وایە ئەم هەڵبژاردنە دەتوانێت ئاڵوگۆڕێک بەدوای خۆیدا بهێنێت؟**

**هیچ دوودڵییەك لەوەدا نییە کە قەوارەی هەرێمی کوردستان لە مەترسییەکی ڕاستەقینەدایە، بەڵام سەیر لەوەدایە کە هەر ئەو حزبانەی ئەو هۆشدارییە دەدەن، خۆیان هۆکاری ئەو مەترسییەن و زیاتر لە ٣٠ ساڵە دەسەڵاتی ئەم هەرێمە و چارەنووسی خەڵکەکەیان بەدەستەوەیە و سیاسەتێکی چەوتی خۆکوژی لە خزمەتی گەشەکردنی ئەو مەترسییە هەمەلایەنییە پەیڕەو دەکەن...**

**سالار سۆفی:** لەم قۆناغە مێژووییەدا کە سەرچاوەی دارایی لە دەستی چەند حزبێکی کەمدا قەتیس ماوە و هەر ئەو سەرچاوە داراییە هۆکارێکی گرنگی توانا سەربازییەکانیشانە، دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا مەحاڵە. ئەگەرێکی زۆر بچووک هەبێت بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی دوای هەڵبژاردن، فشاری یەکلاکەرەوەی زلهێزەکانە، کە ناکرێت ئەویش هیوایەکی ئەوتۆی لەسەر هەڵچنرێت و هیچ متمانەیەک هەبێت کە دەسەڵاتی داهاتوو لە خزمەتی گەلدا دەبێت.

**پرسی جێگرەوەی ئەم جۆرە هەڵبژاردنە، پرسێکە کە لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە بەدوایدا گەڕاوین. دامەزراندنی شووراکان، یەکێك لەو ڕێگاچارانە بوو کە ئەو کاتە دەستی بۆ برا و تا ئاستێکی زۆر باشیش گەشەی کرد و سەرنجی خەڵکێکی زۆری بەدوای خۆیدا ڕاکێشا...**

هەڵبژاردن هیچ ئاڵوگۆڕ و هیوایەک بەدوای خۆیدا ناهێنێت، هێندە نەبێت کە بە شێوەیەکی ڕووکەشی بۆشاییەکی یاسایی پڕ دەکاتەوە و هەر گۆڕانکارییەکیش لە داهاتوودا، بە ئاراستەی خۆبەدەستەوەدانی زیاتری دەسەڵاتدارانی ئەم هەرێمە دەبێت، بەرانبەر بە دەسەڵاتدارانی ناوەندیش و هەردوو دەوڵەتی تورکیا و ئێرانیش. ئەرکێکی گرنگی دەسەڵاتدارانی خۆماڵی لە داهاتوودا، جێبەجێکردنی وردتری بەرنامەی دەوڵەتانی ناوچەکە دەبێت و وەک حکوومەتێکی کاربەڕێکەری ئەو دەوڵەتانە کار دەکەن و چارەنووسی هەرێم و خەڵکەکەیشی بەوان دەسپێرن.

**بۆپێشەوە: لەهەموو هەڵبژاردنەکاندا سەرجەم حزب و لایەنە بەشدارەکان، دەیان بەڵین بە خەڵکی کوردستان دەدەن کە ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان و خزمەتگوزارییەکان باش دەکەن، کەچی دوای هەموو هەڵبژاردنێک دۆخی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان نەک باش نابێت خراپتر دەبێت، لاتان وایە ئەم هەڵبژاردنە دەتوانێت هیچ بار گرانیەک لەسەر شانی هاوڵاتیان لاببات؟**

**سالار سۆفی:** هەرێمی کوردستان بە درێژایی مێژووی ٣٣ ساڵەی خۆی، لە بازنەیەکی داخراودا سووڕاوەتەوە و هەڵبژاردن هیچ گۆڕانکارییەکی ئەرێنیی لە ژیان و گوزەرانی خەڵکدا دروست نەکردووە. هیچ ئاماژەیەک نییە کە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی داهاتوویش درێژکراوەی هەمان مێژووی داخراو ودووبارە نەبن. تاکە ئەگەرێک کە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان لەبەردەم خۆیاندا هێشتوویانەتەوە بۆ بەردەوامبوون لەسەر دەسەڵات، خۆبەدەستەوەدانی یەکجارییانە بە دەسەڵاتی ناوەندیی عێراق و دەوڵەتانی ناوچەکەش و لەو چوارچێوەیەشدا، ئەگەری چارەسەرکردنی کاتیی کێشەی مووچەی مانگانەی خەڵکە کە مافێکی سەرەتایی هەموو مرۆڤێکە و پێشتر لە هیچ قۆناغێکی مێژووی کوردستان و عێڕاقیشدا، دەستی بۆ نەبراوە. ئەمەش بەمانای لەبیربردنەوەی هەموو ئەو ئاوات و ئامانجە بنەڕەتییانەیە کە خەباتیان بۆ کرا و قوربانییان بۆ درا و چارەنووسی خەڵکیش وەک چۆن پێشتر نادیار بووە، لە داهاتوویشدا بە هەمان شێوە بەردەوام دەبێت، بۆیە هەڵبژاردن، بە هیچ شێوەیەک نیگەرانیەکانی خەڵک نارەوێنێتەوە.

**بۆپێشەوە: تا چەندە لاتان وایە پارتی و یەکێتی، لە هەڵبژاردنەکاندا مل بەدوڕان دەدەن و دەسەڵات رادەستی هێزی براوە دەکەن؟**

**سالار سۆفی:** هەر یەکە لە پارتی و یەکێتی، توانا و هێزی سەربازیی مەزنیان لەبەر دەستدایە و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا، هێزی سەربازی، کە پشتبەستووە بە توانای دارایی، ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینێت لە یەکلاکردنەوەی دەسەڵاتدا. بۆیە مەحاڵە ئەوان دەسەڵات ڕادەستی هیچ هێزێکی تر و تەنانەت لە ناوچەکانی خۆیاندا، ڕادەستی یەکتریش بکەن. بەشێک لە بەرپرسانی ئەو حزبانە، بە ئاشکرا ئەو ڕاستییەشیان لەبەردەم میدیاکاندا خستووەتە ڕوو، بۆیە باشترە خەڵکی کوردستان وەک نەعامە، سەری خۆیان نەخەنە ژێر خۆڵەوە و خەون و خەیاڵی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی دوای هەڵبژاردن، لەبیر خۆیان ببەنەوە.

**بۆپێشەوە: تا هاتووە بەشداری کردنی هاوڵاتیان لەهەڵبژاردنەکاندا کەم بۆتەوە، هۆکاری بەشداری نەکردنی خەڵک چییە؟ لاتان وایە ئەمجارەش زوربەی زۆری هاوڵاتیان بەشداری هەڵبژاردنەکان ناکەن؟**

**سالار سۆفی:** ئەزموونی دەیان ساڵەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ هەڵبژاردن و ئەنجامەکانی، خەڵک ناچار دەکات کە هیچ هیوایەکیان بە هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستاندا نەبێت و بەشداریکردن لە هەڵبژاردن بە کارێکی بێهودە و تەنانەت زیانبەخشیش بزانن. لە دوای هەڵبژاردنی ڕابردوویشدا، هیچ گۆڕانکارییەکی ئەرێنی لە ژیان و گوزەرانی خەڵک و ماف و ئازادییە کەسی و گشتییەکاندا ڕووی نەداوە، بۆیە ئەنجامگیرییەکی ئاسایی و دوور لە دوودڵییە، ئەگەر بڵێین؛ ئاستی بەشداریکردنی خەڵک لە هەڵبژاردنی داهاتوویشدا، کەمتر و ساردوسڕتر دەبێت.

**بۆپێشەوە: ئەگەر خەڵک بەشداری هەڵبژاردنەکان نەکەن، دەبێ چی بکەن و بەدیلی هەڵبژاردن چییە؟**

**سالار سۆفی:** پرسی جێگرەوەی ئەم جۆرە هەڵبژاردنە، پرسێکە کە لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە بەدوایدا گەڕاوین. دامەزراندنی شووراکان، یەکێک لەو ڕێگاچارانە بوو کە ئەو کاتە دەستی بۆ برا و تا ئاستێکی زۆر باشیش گەشەی کرد و سەرنجی خەڵکێکی زۆری بەدوای خۆیدا ڕاکێشا. مخابن لەبەر زۆر هۆکاری ناوەکی و دەرەکی، سەری نەگرتو تووشی شکست هات.

ئێستا بارودۆخ گۆڕاوە و پێویستە دان بەوەدا بنێین، نە هەڵبژاردن کلیلی چارەسەری بارودۆخەکەی پێیە و نە ئاراستەیەکی ڕێکخراوی بەهێز و کاریگەری هەڵقوولاوی ناو خەڵکیش لە ئارادایە، کە بتوانێت جێگرەوەی هەڵبژاردن بێت و دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت.

ئەمە بەو مانایە نییە کە یارییەکە کۆتایی پێ هاتووە و هیچ شتێک ناکرێت. کارێکی باشە، ئەگەر لەپێشدا، ئێستا و لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنیشدا، بێهودەیی ئەم جۆرە هەڵبژاردنە شی بکرێتەوە و ئاشکرا بکرێت کە خۆشخەیاڵی بە هەڵبژاردن، درێژەدانە بە هەمان ڕێڕەوی پێشتر و لەدەستدانی زیاتر و زیاتری مافەکان.

ئەوەی لە ئاستی ڕێکخراوەییشدا دەکرێت، بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی گشتییە دەربارەی مافە کەسی و گشتییەکانی خەڵک و دروستکردنی زەمینەی لەبار و دوور لە هەر جۆرە هەستیارییەک، بۆ گفتوگۆی قووڵی نێوان ئەو کەسایەتی و لایەنانەی لایەنگری مافەکانی مرۆڤ و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانەن، تا گەیشتنیان بە ڕێگاچارەیەکی ڕێکخراوی هاوبەش، بۆ دەربازبوون لەو بازنە داخراوەی کە پێشتر باسمان کرد. لە ئاستی جەماوەریشدا، چارەسەری کۆتایی، دەنگهەڵبڕینی خەڵکە، بەرانبەر بە هەر بێمافی و نادادپەروەرییەک. چارەسەر، کۆڵنەدانە، تا بەدەستهێنانی سەرجەم مافە مرۆییەکان و ناچارکردنی هەر دەسەڵاتێک بە پاشەکشەکردن لە هێرشەکانیان بۆ سەر ماف و بژێویی خەڵک. چارەسەر، ئاشنابوونە بە ژیانێکی شایستە بە مرۆڤی سەردەم. چارەسەر، تێکۆشانە بۆ بەدەستهێنانی ئەو ژیانە. چارەسەر، هاوکاری و هاوخەباتییە.

***********

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاری دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن وکەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. ڕاسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی ڕاگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە..

**هونەر و ئەدەب ئەگەر نەتوانێت واقعیەتی ژیان و گوزەرانی زوربەی کۆمەڵگە، خەبات و تیکۆشان و خولیاکانی بۆ باشتر کردن و جوانکردنی ژیان و ئینسان دۆستی، نیشان بدات، هونەر و ئەدەبی بەرگری لە کەمایەتیەکە، بۆ هێشتنەوەی دۆخی باو... هونەری ڕاستەقینە دژی دۆخی باوە!**

## دریژەی دوا وتە

دەوڵەتی تورکیا نییە، بەڵکو خودی ئیرادەی سیاسی جەماوەر و خەڵکی کوردستان، لەبەردەم هیرشی فاشیستی و شۆفینیزمی دەوڵەتی تورکیادایە.

دیارە چ دەوڵەتی عیراق و چ دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد، توانای بەرگرتن و وەستانەوەیان بەرووی هێرش و ملهوری تورکیادا نییە، بەڵام ئەوە بە هیچ جۆرێک پاساو ناداتە دەستی دەوڵەتی عێراق و ناسیونالیزمی کورد، بێدەنگە بەرامبەر بەهیرشەکانی دەوڵەتی تورکیا بگرنە بەر و لەوەش زیاتر هاوکاری و ڕێکەوتنی لەگەڵ بکەن تا بەپاساوی بوونی پەکەکە، ڕەوایەتی بە هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیا بدەن. ئەو مامەڵەیەی دەوڵەتی عێراق و دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد، جگە لە ئابرووچوونی سیاسی هیچ واتایەکی تر هەڵناگرێت. دیارە ئەم هێرشانەی دەوڵەتی تورکیا، دەستی دەوڵەتی عێراق دەکاتەوە کە بە پاساوی هیرشی تورکیا و پاراستنی سنورەکانی هەر کاتێک بەرژەوەندیەکانی بخوازێت، هیزە چەکدارەکانی لەژێر ناوی پاراستنی سنورەکانیدا بگێرێتەوەو هیزی چەکداری حزبە کوردیەکانیش لە چوارچێوەی سوپای عێراقدا، ڕێک بخات و پرۆسیسی کۆتاییهێنان بە هیزی چەکداری حزبی لە هەرێمدا دەست پێبکات. ئەوەش لەگەڵ ئامانجی دەوڵەتی عێراق بۆ کۆتاییهیان بە قەوارەی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، یەک دەگرێتەوە...

تورکیا باش دەزانێت، کە بوونی پەکەکە هەر لە سنورەکان و دەرەوەی تورکیا نییە، بەڵکو لەناو خودی تورکیا و لەشارەکاندا پەکەکە وەکو بوونێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە و لەم جەنگەشدا کەلەناوخۆی تورکیا هەیە، تورکیا ناتوانێت ئامانجەکانی بپێکێت. بۆیە تورکیا هەوڵ دەدات لە ڕێگای هێرشی و ملهوری نواندن و دەستوەردان لە کورستانی عێراق و سوریا و ناوچەکەدا، شکستی خۆی چ لەبەرامبەر بوونی پەکەکە و چ لەبەرامبەر بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری خەڵکی کوردستان و توکیادا، بشارێتەوە. بەتایبەتیش کە دەوڵەتی تورکیا بەجیا لە کیشەی کورد و پەکەکە رووبەرووە لەگەڵ دەیان گرفت و کیشەی تری ناوخۆیی ناوچەیی و گوشاری جیهانی تا دەگاتە کیشەی دارمانی کیرفی ئاک پارتیی و داروخانی ئابوری و لیرەی تورکی و لاوازی پیگەی لە عێراق و ناوچەکەدا لە بەرامبەر بە پێگە و جەمسەری ئیرانیدا.

دەسەڵاتی زۆنی زەرد هەر چەندە مل بەخواستی تورکیا بدات و پەکەکە بەهۆکاری هێرشەکانی تورکیا پاساو بدات، ناتوانێت بیانو بۆ بیدەنگەی خۆی و هاوکاری توکیا وەکو شکستێکی خۆی بشارێتەوە. لەدۆخی ئیستادا پارتی ناچارە هەم مل بە بەغدا بدات و خۆی لەگەڵ بگونجێنێت هەمیش روو لە ئیران وەکو جەمسەریکی ناوچەیی بکات و پەیوەندیەکانیشی لەگەڵ تورکیا رابگرێت. ئەو واقعیەتەش پارتی رووبەرووی ئەزمەیەکی قوڵتر کردۆتەوە، بەتایبەتی کە لەبەرامبەر بەغدادا، ملی داوە و لە ململانیێدایە لەگەڵ یەکێتی نەیاری بۆئەوەی جیگایەکی باشتری لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندی عیراقی پێ بدرێت و لە هەرێمدا نوینەرایەتی دەسەڵاتی فیدرالی بکات.

یەکیتی کە بەتەواوەتی لە زۆن و جەمسەری ئیرانیدایە و کیشەیەکی لەگەڵ دەسەڵاتی بەغداو فیدرالی نەک نییە، بەڵکو مانەوەی بەندە بەهاوکاری دەسەڵاتی فیدرالی و نۆکەر سفەتی بۆ ئیران، لەلایەکەوە هاوکاری و پەیوەندی لەگەڵ پەکەکەو هێزە سێبەرەکانی هەیەو لەلایەکی تریشەوە دەیەوێت، پەیوەندیەکانی لەگەڵ تورکیا ئاسایی بکاتەوە. هاوکاری یەکێتی بۆ توکیا بەتایبەتی بۆ چاوساغی و زانیاری بۆ هێرشە درۆن و تیرۆریستەکانی، هیشتا دڵی دەسەڵاتدارانی ئەنقەرە ئاوا نادات، چونکە بۆ تورکیا تەنها هاوکاری لە کەیسی پەکەکەدا، بەس نییە، بەڵکو خودی دەسەڵاتی یەکێتی لە زۆنیکدا قبوڵ ناکات، هەر وەکو چۆن دەسەڵاتی پارتیش قبوڵ ناکات و دەیەوێت کۆتایی بەدەسەڵاتی پارتی و یەکێتی و بە شیوەی گشتی کۆتایی بە قەوارەی سیاسی هەرێم بێت و لەو نێوەشدا درێغی لە هاوکاری دەسەڵاتی فیدرالی عیراق ناکات.

بۆیە دەتوانین بڵێین، ئامانج لە هێرش و ملهوری ئەم دەورەیەی تورکیا بۆ سەر پەکەکە و هەرێمی کوردستان، خودی دەسەڵاتی سیاسی هەرێم و قەوارە سیاسیەکەیەتی، نەک تەنها پەکەکەو پاراستنی ئاسایشی سنورەکانی. بۆ تورکیا بوونی قەوارەی سیاسی هەرێم، هەرەشەیەکی گەورەتر لە بوونی هیزەکانی پەکەکەیە. دیارە لەوەش زیاتر تورکیا دژی بوونی کورد و هەموو مافێکی سیاسی خەڵکی کوردستانە.

**هەڵبژاردن بۆ حزبە دەسترۆشتووەکانی بۆرژوازی کورد، لە هیچ برگەو خولێکدا، پێداویستیەك نەبوو بۆ وەڵامدانەوە بەهیچ گرفتێك، بەڵکو ئەنجامدانی بۆتە گرفت، دیاریکردنی کاتەکەی، چۆنیەتی بەرێوەچوونی، قبوڵکردنی ئاکامەکەی..تاد بوونەتە گرفت. ئەم دۆخە لەگەڵ خۆیشیدا دڵەراوکی و سیبەری ناکۆکیەکانی زیاتر کردووە و گرژی بەدوای خۆیدا هێناوە. دوای هەموو هەڵبژاردنیکیش ناچار بە "سازان" لەسەر ئاکامە " نارۆشنەکان" ی، بوون.**

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

سەرنووسەر: عەبدولّا مەحمود

بۆپێشەوە

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

بنار مستەفا، ڕێبوار حەمە شەریف، میرۆ عبدولکەریم، وریای ڕەسام، سەردار عەبدولّا حەمە، عەزیز شەریف، هاوار محەمەد، سالار سۆقی، خالّە حەمە، خالید بایەزیدی، کاوان قادر، ئاراس ڕەشید، عەبدولّا مەحمود، توانا حەمە نوری،...

دۆسیەی ژمارە "هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان"؟

دوا وتە

# تورکیا چی لە هەرێم دەوێت؟

عەبدولّا مەحمود

جاریکی تر دەوڵەتی فاشیستی تورکیا خەریکی ئەنجامدانی هێرشیکی فراوانە بۆ ناو هەرێمی کوردستان و پیش وەختەش دەستی بە ئۆپەراسیۆنیکی فراوان کردووە لە پاریزگای دهۆک و ناوچەکانی دەوروبەری و وەکو خاوەن ماڵیش کەوتۆتە بازگە دانان و لێپرسینەوە لە هاولاتیان.

پاساوی دەوڵەتی تورکیا لەو ئۆپەراسیۆن و هێرش و ئەو هەموو بنکە سەربازیانەی لە هەرێمدا دایمەزاندون پاراستنی ئاسایشی سنورەکانی تورکیاو لیدانە لە هێزەکانی پەکەکە.

تورکیا بە جیا لە ناوچە سنورییەکان و ئۆپەراسیۆنی بەردەوام لەلایەکی تریشەوە لە ڕیگای درۆنەکان و باندە تیرۆریستییەکانیەوە لەناو قولایی کوردستان و جەرگەی شارو شارۆچکەکاندا خەریکی درێنەکردنی کادر و چالاکوان و لایەنگرانی ئۆپۆزیسۆنی تورکیایە.

ئەوەی لە هێرش و ئۆپەراسیۆنی ئەمجارەدا بەرۆشنی دیارە، ئەم هێرشانە بەدوای سەردانی ئەردۆغان بۆ بەغدا و هەولێردا دەستی پیکردووە و بێ دەنگەی دەسەلاتی هەرێم و حکومەتی عێراقیش بەمانای ڕەزامەندی نیشاندانی هەردوو لایانە... ئەگەر پێشتر بەشێوەی شەرمنۆکانە دەسەلاتی سیاسی یان دەوڵەتی عێراق بە پاساوی پیشێلکردنی سەروەری عێراقەوە ئیدانەی هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیایان دەکرد، ئەمجارە بێ دەنگیان هەڵبژاردووە، ئەمەش نیشانە و ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ ڕێکەوتنێکی پێش وەختەی تورکیا لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و هاوکاری دەسەلاتی زۆنی زەرد لەگەڵیدا.

دەوڵەتی توکیا لەگەڵ ئەوەدا پەکەکە پاساویکی هێرشەکانییەتی، بەلاّم بوونی هێزەکانی پەکەکە، هەموو ئامانجی هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیا نییە، بەڵکو خودی هەرێمی کوردستان و دەسەلاتی بزوتنەوەی کوردایەتی بەسەر کوردستانی عیراقدا ئامانجە.

سەرباری ئەوەی دەوڵەتی تورکیا پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ دەسەلاتی پارتی و زۆنی زەرد هەیە و چەندین ڕێکەوتنامەی ئابوری و بازرگانی ئەمنی و سیاسی لە نێوانیاندایە و بەمانای وشە پارتی مل کەچی سیاسەتەکانی دەوڵەتی تورکیایە، بەلاّم ئەوە هیچ بەربەستیک ناخاتە بەردەم ئامانجەکانی دەوڵەتی تورکیا، کە وەستانەوەیە بەرووی قەوارەی هەرێم و دەسەلاتی سیاسی ناسیونالیزمی کوردا. ئەردوغان و ئاک پارتی، دەسەلاتی هیچ باڵ و لابالێکی بزوتنەوەی کوردایەتی لە هیچ کام لە بەشەکانی کوردستاندا، قبوڵ ناکەن و ئەوەیش وەکو ئەمری واقیع سەپاوە، لەلایەن تورکیایەوە هەوڵی لەناو بردنی دەدریت. جیا لەوانە تەنها دەسەلاتی سیاسی مەبنای هێرشی

بۆ لاپەڕە 14

# ڕیکخراوەی یەکێتی کرێکاری فەلەستینی ئیدانەی هێرشی تورکیا بۆ سەر هەرێم دەکات...

بەدوای بانگەوازی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی، ڕوو بە ڕێکخراو و سەندیکاو یەکێتییە کرێکارییەکان بۆ ئیدانەکردنی لەشکرکێشی سوپای تورکیا بۆ سەر سنورەکانی هەرێمی کوردستان، ڕیکخراوەی کریکاری فەلەستینی لەزمانی سکرتێری ڕێکخراوەکە محەمەد عەلوشییەوە ئیدانەی ئەم هیرشەی کرد دەڵێت" ئیمە ئیدانەی ئەم هیرش و لەشکرکێشی و داگیرکارییەی حکومەتی تورکیا دەکەین بۆ ناو کوردستانی عێراق... و لەبەشیکی تریدا دەڵیت" ئیمە داوای دەست بەجێ ڕاگرتنی لەشکرکیشی سەربازی و تۆپبارانی گوندو ناوچە سنورییەکان و چوونە دەرەوەی هیزەکانیان لە کوردستاندا دەکەین"... دەکەین...تاد ئەمەی خوارەوە دەقی ڕاگەیاندنەکەیە:

اتحاد نضال العمال الفلسطيني
المكتب التنفيذي

Palestinian Labor Struggle Union
Executive Office

الرفاق في الاتحاد الدولي للاجئين العراقيين IFIR

تحية نضالية،،

يهديكم اتحاد نضال العمال الفلسطيني تحياته وتقديره لكم، ويجدد تضامنه من جديد معكم ضد إجراءات وممارسات الحكومة التركية التي تشت هجوماً واسع النطاق في كردستان العراق والمناطق الحدودية حيث تقوم بالاعتداء على المواطنين وتدمير منازلهم وأراضيهم الزراعية وممتلكاتهم والتي وصلت ذروتها في مدينة دهوك، مما عرض حياة وأمن السكان للخطر في ظل التهديدات القائمة بفعل الهجمات التركية المستمرة.

إننا في اتحاد نضال العمال الفلسطيني ندين بشدة الإجراءات الاستفزازية التي تقوم بها الحكومة التركية ضد الشعب الكردي، وندعو الأمم المتحدة وكافة منظمات حقوق الإنسان والنقابات وكافة المناضلين من أجل الحرية في العالم إلى القيام بدورهم الصحيح والضغط من الوقف الفوري للغزو العسكري والقصف على القرى والمناطق الحدودية، وتحقيق الانسحاب الفوري من كردستان العراق حتى يتمكن أهالي القرى من العودة إلى منازلهم، وتعويض القرويين المتضررين. وفي ذات السياق نذكر بالحرب الدموية والابادة الجماعية التي تقوم بها إسرائيل ضد الشعب الفلسطيني في قطاع غزة، والتي مازالت فصولها الدموية والاجرامية متواصلة منذ قرابة الثلاثمائة يوم، بدعم مباشر من قبل النظام الغربي الامبريالي بقيادة الولايات المتحدة الأمريكية، ونطالب بضرورة دعم واسناد الشعب الفلسطيني والوقوف الى جانب كافة القضايا العادلة بما في ذلك حق الشعب الكردي بتقرير المصير وتحقيق أهدافه العادلة والمشروعة.

وتقبلوا تضامننا من جديد، ومعاً وسوياً في نضالنا المشترك

محمد علوش
السكرتير العام لاتحاد نضال العمال الفلسطيني
رام الله — فلسطين
12-7-2024

# دوو بەرهەمی نوێی هونەرمەند وریای رەسام



